

# کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراو

د. یوسف زەنگەنە

هەڵبەستی سیاسی

چاپی دووهەم- لەندەن-٢٠١٤

بۆ ئازادی کوردو رزگاری کوردستان، تەنها رێگەیەک
هەیە، ئەویش رێگەی کوردایەتییە

---

# کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراو

## هەڵبەستی سیاسی

د. یوسف زەنگەنە

لەندەن -٢٠١٤-

# کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراو

(کۆمەڵێک هەڵبەستی سیاسی)

د. زەنگەنە، یوسف.

چاپی یەکەم، ٢٠١٤.

# Kurdistan- A Bewitched Land

(Some Political Poetry)

Zangana. Yousuf, Dr.

First Edition. 2014

ISBN:0-9534040-4-8

dr. yousufzangana@yahoo.co.uk

# پێشكەشی

كوردستان خاكی هەموو كوردانە،
پێشكەش بە
ئەوكوردانەی كە بە چاوێكی فراوانترلە
چاوی تەنگی پارتایەتییەوە دەڕوانە
كێشەی كوردو خاكەكەی.

-١-

# گرانترین کورسی جیهان

گرانترین کورسی جیهان،
بۆ رابەران،
لە کارخانەی سیاسەتدا،
لە باشووری کوردستاندا،
دامەزراوە،
هەر کە رابەر ژێری گەرمی،
کەوتە سەری،
هەڵسانەوە،
خەیاڵێکی ئێجگار خاوە،

ئەو کورسییەی کەوا ئەوی،
لە سەریدا دانراوە،
چووار سەدو پەنجاو یەک هەزار،
هەر شەهیدی بۆ دراوە!
پێنج هەزارو حەوت سەدو نۆ،
لادی و گوندی بۆ روخاوە!
دوو هەزارو سێ سەدو شەش
کێڵگەو باخی بۆ سووتاوە!
بە داک و ژن و منداڵان،
چەند ملیۆنێک،
جەرگ و دڵی بۆ برژاوە!
ناموس، شەش، حەوت،
هەزار ژنیش،
لە زیندانان، ئەتک کراوە!
چەند سەد هەزار،

ئاوارەی شارو ووڵاتان،
چەند هەزاریش،
بە بێ سەرو بێ شوێن ماوە!
ئەوجا کابرا حەقی نییە،
هاوار بکا،
ئەم کارانە لە پێناوی من کراوە،
حەقی نییە، وەک موغناتیس،
بە کورسییەکەوە نووساوە؟
نازانم کەی، کە ئێمەی کورد،
دێینە سەر خۆ؟
پرسیارێکە، چەند ساڵێکە،
سەری منی لێ سوورماوە.
واقی منی لێ وورماوە.

## -٢-

# بتخانە

مێژوو دیسان چەرخایەوە،
بە داخەوە كە كوردستان،
بۆ بە كەعبەی بەرلە ئیسلام،
بۆ بتەكان،
بتی قەڵەو، بتی باریک،
بتی خڕین، بتی درێژ،
بتێ سپی، بتی تاریک،
چەند دانەیەک كەلە بەردین،
چەندێ بێ مێشک،

سەرورووو گێژ،

رابووردووەکان،

یەکیان عوزا، یەکیان لات بوو،

یەکی دیکەشیان مەنات بوو،

ئەمڕۆییەکان،

یەک نێوێکیان ڵینراوە،

رابەرانی،

لە دارو بەرد تاشراوە،

بە ملیۆنان، لە هەژاران،

دەم بە نزان،

مێژوو وەفایی خۆی بنوێنێ،

بێنێتە بوون، بتشکێنێ،

ئەم بتانەش وورد وورد بکاو

لە بن پێدا بهەنجێنێ.

# -٣-

# صدامستان

كە شەو داهات،

صدام چوو خەوت،

مەدەنی بوو،

جلەكەشی، جلی غەربی و

ئەفەنی بوو،

كە رۆژ هەڵهات،

گەورەترین،

ئەفسەری سەر رووی زەمین بوو،

لە سەر شانی ئەستێرەكان،

شەڕیان دەکرد،
لە گەڵ ئەوانەی ئاسمان،

ڕۆژنامەکان،
تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان
بە چووار سەدو پەنجا زمان.
گشت بەربوونە ڕەخنە گرتن،
نەشتەر لێدان،
ساڵ هات و چوو،
ئەوەی سەیرە لە کوردستان،
بە بڕیاری کابرایەکی سەیرو سەمەر،
بە سەبەتە تاج و نەجمە
دابەش کراو خرایە شان،
شانی قصاب،
شاگرد شۆفێر

دەرگاوان و مەسینە بەر،
شوانی لە دونیا بێخەبەر،
شانی کوردانی کورد بکوژ،
کۆنە بەعسی و راوێژکاران،
هێندەی سوپای هەموو جیهان،
عقید،
زعیم،
لوای ئەرکان،
لە یەک رۆژدا درووست کران،
جاران تەنها صەدامێک بوو،
بکوژ،
خوێن مژ،
ستەمکارو
بە بێ ویژدان،
بەڵام ئەمیان،

بۆ کورد کوژی،

سەدان وەکو ئەوی خوڵقان،

نە رادیۆیەک نقەی لێهات،

نە کوردێکیش هاتە زمان،

نە لە کاتی تەنگانەدا،

یەک لەوانە، هاتنە مەیدان.

هەرهیچ نەبێت، خۆ پیشاندان!

# -٤-

# پەپوولە گڕتێبەربووەکانی عامودا

لە مانگی 7ی ساڵی 2001 لە شاری لینینگراد (Saint Petersburg)، سیمینارێکم پێشکەش کرد لە ژێر نێوی (الحزام العربی طوق فی أعناق القتلة) کە باسم لە نووسینە دژ بە کوردەکەی محمد طلب هلالی عارەبی شۆڤینی سووری کرد. لەوێدا بە دانیشتوانی کۆڕەکە، کە زۆربەیان لاوانی خوێندکاری کوردی رۆژئاوای کوردستان بوون، گووتم:

"لەو باوەڕەدام، کە دە ساڵ نابات، خوێنی کۆرپە بە گڕ سووتاوەکانی سینەماکەی عامودا، گڕبەردەداتە تاج و تەختی بکوژانیان".

بە یەک ساڵ درەنگتر لەو بۆچوونەم، وا خەریکە ئەو ئاواتە دێتە دی و بەم زووانە هەرێمی رۆژئاوای کوردستانیش بە جیهانیان دەناسرێت و لە سەر نەخشەی جیهانیشدا تۆمار دەکرێت. ئەم هەستەم پێشکەشە بە رەوانی پاکی ئەو پەپوولە گڕ تێبەربووانە.

پێم نەووتن،

کە رۆژێک دێت،

ناڵەکانی کۆرپەکانی سینەماکەی،

نێو عامودا،

فریشتەکان، دەیبەن، دەیبەن،

تا دەگاتە، بەر گوێی خودا،

بڕیاری خۆی دەردەهێنی،

کە چۆن تۆڵە لە دوژمنانیان،

بستێنێ،

پێم نەووتن،

گڕی لەشیان مەشخەڵێکە،
گڕ بەردەدا لە زۆرداران،
تەقینەوەی کاسەی سەریان،
بورکانێکە، دەتەقێنێت،
دەروخێنیت و تێکدەدا،
تاج و تەختی ستەمکاران،
کە دەبینن، چۆن هاتە دی،
خەونەکانم،
بێگومانم،
تەنها، چەند شەوو رۆژێکە،
دەریای خوێنی پاک و گەشیان،
شەپۆلی قین درووست دەکات،
رادەماڵی لە ریشەوە،
کاخ و کۆشکی،
کورد کوژەکان.

# -٥-

# پاسپۆرت

ئەگەر رۆژێک ماوەیان دا،
باسەپۆرتێک،
بە دڵی خۆم بنەخشێنم،
گشت جیهانی پێبگەڕێم،
خۆمی پێ بناسێنم،
پێویست ناکات کە بنووسم،
نێوی چییە نیشتمانم،
وێنەیەکی هەڵەبجەکەم،
کۆرپەیەکی خنکێنراو،
چاڵێکی پڕ بە زینوەتی،

ئەنفال کراو،

بەسە کەوا سنووروانان،

زوو بزانن،

کە من خەڵکی کوردستانم.

## -٦-

# پڕسیارێكی جەژنانە

پرسیارێكە،
هەزار خۆزگە،
وەڵامەكەیم دەزانی،
لە رۆژێكدا،
بە سەدان كورد،
دەبنە قۆچی قوربانی،
نە مرۆڤێك دێتە بەرچاوو،
كە جەژنێكیان بۆ بگێڕێت،
نە ماتەمێك،
نە دهۆڵێك،
نە چەپڵەیەك،
نە ئاهەنگێكی گۆرانی،

نە دەبینم تاکە کەسێک،
دڵۆپێک خوێن،
دارژێنێت لە چاوانی،
بڵێێ تەنها بۆ ئەوە بێت،
بێبایەخە کە خوێنی کورد لە چاوی
کورد،
بایەخەکەی ناگاتە خوێنی بیانی؟

## -٧-

# پەیامێک

بۆ نەوەکانی نازانم کەی....
بۆ ساڵی نازانم چەند...
گولە تۆپەکان هاوێژتران و هاتن،
چۆلەکەکان فڕین،
گوڵزارێکیان لە تەرم بۆ درووست
کردین،
قەلەرەشکەکان هێرشیان هێنا،
گۆشتییان بە سەر ئێسکەوە نەهێشت،
زەمین خوێنەکانی هەڵمژی،
ساڵ هات و چوو،
زەمین قلیشا،

لافاوی خوێن قەلەڕەشکەکانی
رامالْکاند،
گورگ و چەقەڵ و رێوی،
کە لەو دیوی دیواری شانۆکەدا
خۆیان حەشار دابوو،
گەیشتن،
لە ئێسکی کاسەسەرەکان،
پێکەوە، سەیرە! پێکەوە
کورسیەکیان درووست کرد،
هێشتاش هەر لە سەری دانیشتوون،
ئەم چیرۆکەش هێشتا هەر ماویەتی.....

-٨-

# دیموكراسی لە كوردستان

دیموكراسی،
لە رۆژئاوادا ئاووس بوو،
كاتێک كە چوو، بۆ كوردستان،
لە باریان برد،
كورد فرۆشان،
فرۆفێڵیان، كرد بە یاسا،
كڕ بوونەوە لەسەر هێلكە،
دیسانەوە،
دكتاتۆرو گەندەڵكاران.

-٩-

# روحی شەهیدان

ڕێ مەگرن لە گەردولوول،
بوەزێت بۆ کوردستان،
روحی سەدان شەهیدی
ئەنفالی لەگەڵدایە،
پەرۆشی حەسانەوەن،
لە سێبەری ئاڵایەک،
بە خوێنیان هاتە شەکان،
بەڵام ئەمڕۆ سەد ئەفسووس
بارەگای گەندەڵ کارەو
سەیرانگای،
ئەنفالچییان.

## -١٠-

# ووشەی ئەنفال

چەند رۆژێک بوو
وێڵ بووم بە شوێن ووشەیەکدا
کە بینووسم.
لە بریتی ووشەی ئەنفال،
ووشەیەک بێت پیس و بۆگەن،
هێڵنج هێنەرو قێزەوەن،
بۆنی، بۆنی خوێنی مەییوو
دەنگی، دەنگی ناڵەو فیغان
واوەیلێ شیوەن و گریان،
باوە، باوەو رۆڕۆی هەتیوو،
قژەی جەرگی سەدها هەزار

مرۆڤی کوردی خێر نەدیوو،
تێپەڕینی زنجیری تانک لە سەر لەشی
پیری زیندوو،
تێبەردانی سەگی برسی
بۆ سەر لاشەی لاوی مردوو
ماروو دووپشک، خستنە لەشی کیژانەوە
لە بریتی مەمکی دایک،
لوولەی تفەنگ، خستنە دەمی،
کۆرپەی شیرخۆرانەوە،
ووشەیەک بێت پیشاندەری،
بیرقەی شمشێری زۆرداران،
کەڵپەی تیژی ستەمکاران،
لە بریتی ئاوو، خوێن مژان،
کیژە کۆرپە لە چاڵ کەران،
چەند چرکەیەک لە پاش ئەوەی

دێتە ژیان،

ووشەیەک بێت وێنەی،

وێنەی ستەم

هێرشی خەم،

بارانی ژار،

ئەژدیهاوو مار

کوولتووری پیسی تازیان

جەهالەت، فەرهوود و تاڵان،

سەر بڕینی، کورنۆش نەبەر

بۆ بارەگای ستەمکاران،

کوشتن بە دار،

کوشتن بە بەرد،

ووشەیەکی لەش لەرزێنەر،

مێشک تۆقێنەر،

دڵ ترسێنەر،

++++++++

لەو ڕۆژەوە کەوا ووشە،
هاتووەتە بوون،
لە نێو هەموو فەرهەنگەکان،
وەکو مشکی نێو چێشتخانەی
ماڵی هەژار،
کەوتمە سووڕان
کەوتمە گەڕان،
هاتن و چوون،
لەوەدا بوو بێ ئومید بم
پەریشان بووم، سەرلێشێواوو،
کە لە ناکاوو،
ووشەیەکی لەو شێوەیەم
هاتە بەر چاوو،
لە ئاکاودا بڕیارم دا

ئەو ووشەیە بەکار بێنم،
تینووەتی گڕی دەروونم،
بەو ووشەیە دامرکێنم،
ئەوەی کەوا دۆزیمەوە،
ئەوەی کە دیم،
نووسرابوو منیش نووسیم،
کتووپڕ زوو،
هەر خوودی ووشەی ئەنفال بوو،
ئەنفال ئەنفال، ئەنفال، ئەنفال،
هەر ئەنفال بوو.
بۆگەنترین ووشەی زەمین
تاکوو ئێستا بە کار هاتوو
لە فەرهەنگی زانست و دین.

# -١١-

# پەیامی گەردەلوول

کاتێک کە گەردەلوول دێت،
لە بەریدا را مەکەن،
مەڕۆنە نێو ماڵەوە،
پەنجەرەکان دا مەخەن،
نامەی تەرمی شەهیدی،
ئەنفالی کوردی پێیە،
لێی وەرگرن بپرسن،
لە کێوەیەو بۆ کێیە؟
کێ ناڵی دڵدارێکە،
بۆ نامەی دڵدارەکەی،

هێشتا چاووی لە ڕێیە،
کێ ناڵێ هی لاوێکە،
بۆ بابی بە جێماوی،
بە خوێندنەوەی نامەکە،
وەک یاقوب، بابی یوسف،
بێتەوە دید دوو چاووی،
کێ ناڵی کە پەیامی،
خوێندکارێکی زیرەکە،
بۆ مامۆستا هێژاکەی،
تاکوو بینووسێتەوە
لە سەر پەڕەی مێژوودا،
ئەنفال چییەو چۆن ڕوویدا،
چۆن بە نێوی خوداوە،
بە پاڵ ئاڵای ئەڵاوە،
سەد سەد دەخرانە چاڵ،

تەرمی ژن لە سەر پیاوان،

تەرمی پیر لە سەر منداڵ،

منداڵێک بە پێکەنین،

هەزاران بە گڕو گاڵ،

سەدانیش کش و بێدەنگ،

هەزاران بە ناڵە ناڵ،

مەلایەک بانگی دەدا،

بە زووانی بکووژانی،

سەیرو سەمەر ئەوەیە،

هێشتا لە نیوەیدا بوو،

کەوتنە گوولە بارانی،

کیژێک بە بێ ترس و باک،

بەرلەوەی بکوژرێت،

وێنەی خۆشەویستەکەی،

خستە سەر دوو لێوانی،

لە بەر چاووی باب و کاک،
بۆ کەوتنی یارییەکەی،
منداڵێک کەوتە گریان،
کاتێک هەڵیگرتەوە،
خۆیی و بووکە شووشەکەی،
بە یەک گولە کوژران،
لاوێک کە چاکەتەکەی،
لە شانەوە کەوتە خووار،
هەڵی گرت و تەکانی،
لە تۆزو خۆڵ و غوبار،
دەتگووت کە بە ڕێوەیە
دەڕوات بۆ دیتنی یار،
دایکێک کە دایانە بەر،
رووی کرد لە هاورێکانی،
ئێمە دەبەن بۆ شوێنێک،

دەڵێن لێرە باشترە،
بە شەو بای ئێرە ساردە،
لەوێدا هێواشترە،
ئەگەر زووتر ئازاد بوون،،
یا بەر لە ئێمە دەرچوون
بە ئەحەی کوڕم بڵێن،
کە چاک وانە بخوێنێ،
شەوان زوو بچێتە خەو،
تاکو بۆ قوتابخانە،
سبەینان دووا نەمێنێ،

دەرگاکان بکەنەوە،
ئەمەی پێیە گەردەلوول،
بیمژنە نێو سینە،
بە هەناسەیەکی زۆر قووڵ،

پێشوازیان لێبکەن،
کە دانە دانەکانی،
تەرمی هاوڕێ و کەسانن،
لە بارەگای زۆرداران،
باڵوێزی کوردستانن.

# -١٢-

# زایەڵەی مێژوو

خەونێکم دی سەیرو سەمەر،
شیکردنەوەی دەسپێرمە،
دەستانی یوسف پێغەمبەر،
ئەو شارەزا لە خەونان بوو،
لەو خەونەدا مێژووم بینی،
خەونی مێژووی گەلی کوردو
خەونی مێژووی کوردستان بوو،
چاووەکانی داگرتبوو لە شەرماندا،
روو بەرەو خووار،

خەریکی شین و گریان بوو،
لە سەرروویدا چەند خاڵێکی،
گەلێک زۆرو زەبەلەحی
رەشم بینی،
بەڵام ئەفسووس،
چەند دانەیەک کەم و ووردە
نەرمە خاڵی گەشم بینی،
جلی رەشی کردبووە بەر،
لە نووک پێوە تا تەوقی سەر،
دەیگووت، خۆزگە خوداوەندا،
پەنجا ساڵێک بەرلە ئەمڕۆ
دەتکووشتم و
گیانم لە لەش دەچووە دەر،
لەو دەمەدا پەڕەکانم پیس نەدەبوون،
بەم هەموو دزو جەردانە،

میلەت و خاک فرۆشانە،
مرۆڤانی بە بێ کەڵک و
بێ سەرو بەر،
یەکێک بە نێو دەسەڵاتدار،
یەکێ سەرۆک،
یەکێک رابەر.

# -١٣-

# سەرۆکی شار

سەرۆکی شار،
مارمۆلکە بوو هاتە سەرکار،
هێندە خوێنی گەشی مژی،
پاش ماوەیەک گۆڕا بە مار،
رەش و رووت و سک برسییەکان،
لێی راپەڕین،
دایانە بەرکۆتەک و دار،
مرۆڤێکیان هەڵبژاردو و
لە شوێنی ئەو،
کرد بە خاوەن، هێزو بڕیار،

وایان زانی زۆر بەڕێزەو،
زۆر بە بەها،
پاش ماوەیەک،
هێندە پول و پارەی قووتدا،
هەزار رەحمەت لە مارەکە،
سەرۆک گۆڕا بە ئەژدەها.

# -١٤-

# دڵدارەکەم

له ناکاودا راپەڕیم و
نێوی جوان و
ئەفسووناوی تۆی نازدارم،
ها تە زمان،
هاووسەنگەڕێ لە خۆشیدا،
کەوتە قاقای پێکەنین و
چەپڵە لێدان،
گووتی ئاها، ئاشکرا بووی،
بۆ وا رەنگ زەردو ژاکاوی،

بە شەوو رۆژ، کش و ماتی،

خەیاڵاوی،

لێوەکانت هەڵپڕوسکاو،

وەکو دەشتی ئاوو نەدیدە،

ووشک، قلیشاو،

دەرکەوت کەوا عاشقێکی،

دڵ دۆڕاوی،

لە سەرتا پێ بە عیشقی،

جوانێک سووتاوی.

هۆشی لە سەر دەرپەڕاندووی،

شادی لە سەرروو ، فڕاندووی،

پرسیم، پێم ناڵێی فلانی،

چۆن بەم رازەی منت زانی،

گووتی رۆژی یەک هەزار جار،

کاتێک خەوی، خەون دەبینی،

کاتێک بیدار،
دەکەویتە مەلەوانی،
کاتێک لە نێو دەریای خەیاڵ،
نێوی دێتە سەرزمانت،
دەڵێی کۆرپەی،
تازە کەوتووی،
بە گڕوگاڵ،
پرسیم ئەگەرروایە، دەیڵێی،
نێوی چییە ئەو دڵدارەم،
ئەو دلبەرە ناسک و جوانە؟
زۆر بە پەلەو بێ چاوو پورکان،
گووتی نێوی کوردستانە.

## -١٥-

# منیش عاشقم

که منداڵ بووم،
زۆر دەترسام،
لە شین و ناڵەی عاشقان،
فرمێسک رشتن،
شەو نەخەوتن،
تلانەوە لە سەر جێگا،
شەو تا بەیان،
شیعری هەندێ شاعیرانیش،
لەرزیان لە لەشم بەردەدا،
لە ترساندا،

بە شەوو ڕۆژ،
دەست لە ئاسمان،
دەپاڕامەوە لە خودا،
کە شۆخێکم نەیەتە ڕێ،
وەکو ئەوانم بە سەربێ،
ئەو نزایەی لێوەرگرتم،
کاتێک زانی هێشتا ووردم،
لە ئاکامدا، کاری خۆی کرد،
شێت و شەیدای،
پەنجا ملیۆن،
کیژو کوڕو
گەنج و پیری،
کوردی کردم.

# -١٦-

# شێرە ژنان

پێشکەشە بە هەڤاڵ سەکینە کە لە نزیکەوە دەمناسی و پەپوولەکانی دیکە، کە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسادا شەهید کران.

هێشتا کە ژن،
لە سیسەرکەو مشک دەترسا،
بووی بە هاوڕێی شێرو پڵنگی کێوەکان،
هێشتا قژی ژنەکانی وولاتەکەت،
لە چێشتخانە،

بۆنی رۆن و پیازی دەدا،
هەڵت کێشاو بردت
بەرەو سەنگەرەکان،
کاتێک دەنگی تەقە دەهات،
ژن هەڵدەهات بۆ ژێر زەمین،
دەرت هێناو لە چیادا،
دڵ و سینەت،
کرد بە قەڵغان،
باسی زیندان و شکەنجە،
ترس هێنەر بوو،
بووی بە عیسای ئەم سەردەمەو،
هێندەت کێشا،
کە ئەو ترسەت لە نێو بردو
ئەو تەلەسمەت بۆ کورد شکان،
ماوەیەک بوو ژنانی کورد،

لە خەودا بوون،
بە شەپۆڵی خوێنی پاکت،
ژن و پیاوی کوردستانت،
لە خەوێکی قووڵ راپەران،
بنوو ئارام هەڤاڵەکەم،
ئەوەی ویستت هێناتە دی،
بۆ کوردستان.

# -١٧-

# پێشكەشی رابەر بۆ نووسەران

دەڵێن رابەر لوتفی فەرموو،
چوو بۆ بارەگای نووسەران،
تابلۆیەكی پێشكەش كردن،
لە سەریدا نووسرا بوو،
بە خەتێكی زێڕینی جوان،
قسەكانتان گەر زیوین بێ،
لە یاسای تازەی ئێمەدا،
زێڕی نابە، بێدەنگیتان،
دەتانەوی ئازاد بژین،
لە بیر نەكەن، ئەم پەندەمان.

# -١٨-

# پەپوولە گڕتێبەربووانی شین ئاوا

شین ئاوا گوندێکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە قوتابخانەکەیدا لە بەر کەمتەرخەمی لێپرسراوانی رژیم و بایەخ نەدانیان بە ناوچە کوردییەکان، ژووری قوتابیان گڕی گرت و بە دەیان منداڵی وورد سووتان و یەکێکیشیان گیانی لە دەستدا.

پەپوولەکان،

وورده ورده، نەرم نەرم،

بە هەنگاوی خنجیلانە،

بەرێکەوتن دەمەو بەیان،

بۆ شوێنێکی کەمێک گەرم،

بەرەو ژووری قوتابخانە،

کەڵک وەر بگرن تا لە تیشکی،

زانستەکان،

ببن بە تیشک بۆ ئایندە،

لە ووڵاتی تاریکیەکان،

گشت، رچا بوو،

پەنجەکانی دەست و پێیان،

بێ ئاگا بوون، لەوەی کەوا،

ئاگرو مەرگ چاووەڕوانە،

لە بریتی مامۆستاکان،

لە سەرەتای هاتنە بوونی ئەڤینەوە،

هەر پەپوولە. ئەڤینداری تیشک و گڕە،
پاداشیشی گڕ تێبەربوون و سووتانە،
چونکە ئاگر ئامرازێکی،
زۆر بێوەفاو بێویژدانە،
ئەمجارەشیان لە شین ئاوا،
گڕی ئاگر،
شینی تازەی هێنایە بوون،
دەستە، دەستەی پەپوولەکان،
بە بێگوناە و بێتاوان،
بە رقی خۆی، هەمووی سووتان،
سەیرانیشی لێڕفاندن،
ئەویش چووە، نێو کاروانی بێ کۆتایی،
شەهیدەکانی کوردستان،
کەسێک نیە کە بپرسی،

له سه‌رۆكی تاریكستان،
چل په‌روانه له ژورێكدا،
كه‌ی ره‌وایه له‌م سه‌رده‌مه،
ئه‌ی خوا نه‌ناسی، بێویژدان؟

تێبینی: صوریاو ده‌كان، دوو گوندن له باشووری كوردستان. له لایه‌ن رژیمی به‌عسی عیراقه‌وه له ساڵی ١٩٦٨ پیاوانی هه‌موو گوله باران كران و پێره‌میرد و پیره ژن و ژن و منداڵانیش خرانه ئه‌شكه‌وتێكه‌وه‌و گرپیان تێبه‌ردرا.

# -١٩-

# شێرانی مانگرتوو

پێشكەشە بەو لاوە كوردانەی باكووری كوردستان كە لە زیندانەكانی رژیمی فاشیستی توركیادا، لە پێناوی بە دەستهێنانی مافە رەواكانی نەتەوەكەیاندا، بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ، مانیان گرتبوو لە نان خواردن.

چەند ئاسانە، لە سەرزمان،
كە دەڵێن شەست،
شەست شەوو رۆژ
لە مانگرتن،
بە برسییەتی، بێ ئاوو و نان،
لە پێناوی ئەوەی كەوا،
ئێوە، تۆ، من،
ئازاد بژین،

ئەو شێرانەی زیندانی تۆرک،
یەک لە دووای یەک،
بە سەربەرزی، دەڕۆن، دەمرن،
لە ئاستی ئەم ڕووداوەدا،
فریشتەکانی ئاسمان و
دەزگاکانی مافی مرۆڤ،
مرۆڤانی بێ وێژدان و
مرۆڤ دۆستان،
بوو بە دوو مانگ،
هەموو نوستوون،
مانگرتووان،
ئێستاو ئەمڕۆ و بۆ هەمیشە
تەنها ئێوەن کەوا زیندوون،
ئێوە نەبێ، جیهانیان،
هەموو مردوون.

-٢٠-

# دایكانی بەرد وەشێن
# (أمهات الحجارة)

دایكە كوردە شیرینەكەم،
هەر كە بەردێك دەوەشێنێ،
بەرەو سینەی داگیركەرێك،
هێندەی هەزار كلاشینكۆف،
دەیترسێنێ،
لە پشت سەد تۆپ و تانكدا بێت،
ووزەو وورەی، دەروخێنێ،
وەرنە مەیدان
شێرە ژنان، بە بێگومان،
خوێنی من و بەردی ئێوە،
چۆك بە دوژمن، دەنوشتێنێ.

# -٢١-

# پەیامی ژنانی کورد

لە بارەی رابەرە کڕ کەوتووەکانەوە. ئەوانەیان لەو سەردەمەدا کە گووتیان سوپای دجلە کە سەرۆک شالیارانی عراق نوری المالکی دایمەزراندبوو بۆ داگیر کردنەوەی کەرکووک و کوردستان، زۆربەیان خۆیان نەخۆش خست و کوردستانیان بە جێهێشت بەرەو دەرەوەی وولات، بە بیانووی چارەسەری وەرگرتنەوە.

رابەرانمان،

لە ئێستاووە،

لە نێو کوونی مشکۆڵەکان،

خۆ و خێزانیان، حەشار داووە،

هەندێک پشتیان هاتووەتە ئێش،

هەندێک سەریان،

لە تاواندا،
بۆ رۆژئاوا بە ڕێکەوتوون،
گشت دەفەرموون،
لە کوردستان،
پزیشکێکی چاک نەماوە،
بە هەزاران جەنەراڵی چەند ئەستێرە،
دەرچووی کارخانەی پارتەکان،
کوردستانیان جێهێڵاوە،
بۆ تۆرکییەو بۆ ئێران و بۆ هیندوستان،
یەک چارەسەر، چاووی دەکات،
یەک گورچیلە،
هەزارانیش دەم و ددان،
سەرزلەکان،
خوداوەندیان لێ رازی بێت،
کە گرفتێک سەرهەڵدەدات،

لایان وایە خاوەن مێشکێک،
لە کوردستان دەست نەکەوێت،
بۆ رێچارە، هەر یەک بەرەو
لایەک هەڵدێت،
پێشمەرگەش ئەوەی جاران بوو،
دەژیا بە نان، دەژیا بە ئاوو،
دەژیا بە دۆ،
هەر بە نێوون، ئەم هەزاران،
بە هەزارەی ئێستاو ئەمڕۆ،
خۆیان جۆرێک کڕ کردووە،
دەڵێی خۆڵی گۆڕستانیان،
بە سەرو شاندا رشتووە،
مەیدان چۆڵە، شێر نەماوون،
رێویەکانی سوپای دجلە لە مەیداندا
کەڵە پیاوون،

جارێکی تر وا بە ڕێوەن بۆ خوێن ڕشتن،
بۆ ئەنفالی سەدەی تازە،
بۆ کورد کوشتن،
ئەنفالچیانی کوردستان،
وا خەریکن خۆ رێک دەخەن،
سەرو سمێڵ بۆیاخ دەکەن،
بۆ پێشوازی لە هەڤاڵە کۆنەکانیان،
بۆیە ئێمە لە ژنانی دەروون سووتاو،
بە جێماووی کارەساتی هەڵەبجەکان،
نەنک و داکی بە هەزاران ئەنفال کراو،
ئێمەی لاوو و،
ئێمە پیری شەست و حەفتاو
هەشتا ساڵە،
سەر شۆر کردن،
کورنۆش بردن،

جارێکی تر،
بۆ داگیرکەر لە لای ئێمە،
گوناهە، کفرە، مەحاڵە،
پەیامی هەر یەک لە ئێمەی،
تەورو داس و تفەنگ بە دەست،
بۆ رابەری بێویژدان و بێ بەزەیی
بێ هۆش و هەست،
بەم جۆرەیە:
"تا یەک گوولەی تێدا مابێ،
ئەم برنەوە،
من خاکەکەم دەپارێزم،
کاکی رابەر، تۆش ئاسوودە،
لە ژێر لێفەی گەرم و نەرم،
لە باوەشی یارەکەتدا،
خێراکە برۆ بخەوە".

## -٢٢-

# بانگی سەربەخۆیی کوردستان

پێشکەشە بە مانگرتووانی کۆڵنەدەرێ باکووری کوردستان لە زیندانەکانی رژێمی فاشستی تۆرکیادا.

تاکو ئێستا،
زیندان گۆڕی ئازادی بوو،
تەنگە چاڵی خەندەو خۆشی،
خەزان و مەرگی شادی بوو،
بەڵام ئێوە،
پاڵەوانە مانگرتووەکان،
ئەو نێوەتان، پاک کردەوە،

گۆڕی، لابرد، لە سەرزیندان،
لەو رۆژەوە ئێوەی تێدان،
بۆ بە زیدی شادی و خۆشی،
پەروەرشگای ئازادییەکان،
لە پشت دەرگای ئاسنین و
پۆڵاینی زیندانەوە،
لە تۆی شیشی پەنجەرەکان،
کۆتری سپی لە داییک بووی
خوێنی گەشی ئێوەی خۆبەخش،
دەردەپەڕێ،
هەڵدەفڕێ
تاکو بانگی سەربەخۆیی،
بە گوێی کورداندا بچڕێ.

# -٢٣-

# کاتێک کە گوڵەکان دەوەرێن

*پێشکەشە بەو گوڵانەی کە لە زیندانەکانی رژیمی فاشستی تورکیادا یەک لە دووای یەک لە پێناوی ئازادی کوردو رزگاری کوردستاندا، دەوەرێن.

**ئەی کوردانی خاوەن هەڵوێست لە کاتێکدا لە دەوری سفرەی خواردنە رەنگاو رەگەکانتاندا دادەنیشن، بۆ چەند چرکەیەک بکەونە بیری ئەو کوردانەی کە لە پێنوای ئازادی ئێوەدا، نەرم نەرم بەرەو شەهادەت رێگایان گرتووەتە بەر.

مانگرتووان،
بە جەستەو لەش لە گەڵتان نیم،
لە گەڵتاندام بە دڵ و گیان،
بە پێکەنین بەرەو پیری مردن دەڕۆن،
مردنی من، پڕە لە خەم،
پڕە لە ئێش پڕ لە ئازار،
ئێوە برسین،
ئەوەی دەیخۆم،
هەزار رەحمەت لە ژاری مار،
کە دەبینم رۆژەکانتان،
ژمارەیان سەردەکەوێ،
بەر دەبمە زاری و گریان،
دڵی سینەم دێتە لەرزین،
بۆ چرکەیەک دانامرکێت،
ئۆقرە ناگرێت و ناسرەوێ،

کە روحێکتان دەردەپەڕێ،
دەفرێ، دەڕوا، بەرەو ئاسمان،
چرایەکی نوێ هەڵدەبێت،
لە سەرلووتکەی چیای قەندیل،
لە گشت شارێک، لە گشت ماڵێک،
لە سۆران و لە بادینان،
هەر شەمێکتان دادەمرکێ،
لەسەر رێگای کوردایەتی،
مەشخەڵێک دێتە هەڵگیرسان،
کاتێک خوێنی سووروو گەشتان،
نەرم نەرم ووشک دەکات و
گۆڵی رووتان یەک لە دوای یەک،
هەڵدەورێ،
هەزار خونچە دێتە جیهان،
لە گشت ناوچەو گشت دەڤەرێ،

ڕێگا دوورە، ئازیزانم،
دڵنیابن، ئەو خونچانەش،
ڕێگای ئێوەی گوڵاڵەیان،
دێتە بەڕێ،
چەندی گەورەن، کاتێک دەڕۆن،
بە سەربەرزی بەرەوە مردن،
چەند سەرشۆڕن، رابەرانێک،
پیشەیانە بۆ دوژمنان،
کورنۆش بردن.

## -٢٤-

# رابەرانمان

خۆپەرستی و وێژدان،
لە یەکەم، واز بهێنن،
دووهەمیش، بێتە دڵتان،
ئەو پارانەی کە دەیدەن،
بە بۆیەی سەرو سمێڵ ،
یا بە حەپی، ڤایاگرا،
دەیخەنە لای کەمەرو
تۆی مەمکی سۆزانییەکان،
گەر بێت و کۆیکەنەوە،

بە ماوەیەکی زۆر کەم،
من بەڵێنتان پێدەدەم،
یەک هەژارێک نەمێنێت،
نە لە گوندو نە لە شار،
نە ماڵێکی کوردستان،
رۆژگاریشیان گشت ببێت،
بە جەژن و خۆشی و شادی،
نەورۆز، قوربان، رەمەزان.

# -٢٥-

# جەژنانە

لە رۆژەكانی جەژنی قوربانی ساڵی ٢٠١٢ بوو، وێنەیەكی دڵتەزێنم بەرچاو كەوت كە ژنێک بە نێو سەگوردانێكدا دەگەڕا بە شوێن شتێكی بە كەڵكدا كە زۆر تینی تێكردم و بوو بە هۆی لە داییک بوونی ئەم هەستە.

بەڵكو ئەمە خوداوەندی،
هەژارانە،
چێ بە راستی، چی بە هەڵە.
ماڵێک لە ماڵە سەرۆكان،
رابەرێک، شێخێک، مەلایەک،
یەكێک لە پیاوە گەورەكان،

پاروویەک نان،
پارچە ئێسکێک،
کەمێک گۆشتی لەسەر مابێ،
میوەیەک، رانە مریشکێک،
یەکێکیان پێی نەخورابێ،
فرێی دابێ،
دەستم کەوێت،
لەم سەگوردانە گەورەدا،
دڵم خۆشکات،
بڵێم ئۆخەی، رابەرانم،
لە ژێر سایەی سەری ئێوە،
منیش لە جەژنی قوربانم.

# -٢٦-

# پەپوولەو مەگەز

لە وێنەیەکدا کە شەقامێکی شارێکی باشووری کوردستانە، چەندین منداڵ دانیشتوون و خەریکی کاری بۆیەی پێڵاون، کە هەمووشیان لەو تەمەنەدان کە دەبێت لە قوتابخانەدا خەریکی خوێندن بن، بەڵام هەژاری پاڵی پێوە ناوون بۆ ئەو کارە.

کاتێک کەوا پەپوولەکان،
پۆل پۆل دەبن بە بۆیاخچی،
لە سەر جادەو شەقامەکان،
رووی سەرکردەو رابەرانی،
میللەت فرۆش.
دەبێتە پایگای مەگەزو
دەستە دەستەی،
مێشوولە پیسی مژەکان.

# -٢٧-

# بنوە کۆرپەم

لە وێنەیەکدا منداڵێک کە لە جل و بەرگەکەیدا دەردەکەوێت هەژارو بێ جێگاو شوێنە، لە سەر پەیژەکانی دەرگای مۆلێکی کوردستاندا، خەوی لێکەوتووە.

بنوە کۆرپەم، لەسەر پەیژەی
بازاڕی گەندەڵکارەکان،
خەوت خۆشە، بەم شێوەیە،
خوای هەژاران،
لە سەر پشتی کیسەڵەکان، بەڕێوەیە،
نێو چاووانت،
پڕ لە ئاووی شانازییە،
نێو چاوانی رابەرانت،
خاڵێکی رەشی پێوەیە.

# -٢٨-

# گوڵ و تفەنگ

هەڵەی رابەران،
لێپرسراوی، سەرگێژو دەبەنگ،
دۆخێکی وایان هێناوەتە بار،
لاوان نەتوانن،
هەوڵدەن هەزار جار،
بۆ گوڵ وێنەیەک جوان بنەخشێنن،
ئای کە چەند ئازان،
بۆ تۆپ و تفەنگ.

# -٢٩-

# خاڵی شەرم

وێنەی منداڵێک خەریکی بۆیە کردنی پێڵاوی یەکێکەو بە سەرسامییەوە دەڕوانێتە ئەو کامیرایەی کە وێنەی دەگرێت. زۆر دڵتەزێن بوو و بوو بە هۆی لە داییک بوونی ئەم هەستەم.

سەرسام مەبە، کۆرپەڵەکەم،
وێنەت ناگرم ،
بتکەم بە گاڵتەی سەرزمان،
نە بە ریکلام، هەڵیواسم،
لەبەر دەرکی بازارەکان،
خاڵێکت لێدرووست دەکەم،

ڕەشتر لەوەی،
ڕەنگی هەموو پێڵاوەکان،
نێوی دەنێم خاڵی شەرم،
دەیچەقێنم لە پیشانی،
گشت رابەرە،
کەڕو لاڵ و بێ چاوەکان.

# -٣٠-

# گووڵستان

ئەگەرلە جێی تەرمی پاکی،
هەر شەهیدێک،
لە کوردستان،
ئەوانەیان بە دەستانی،
داگیرکەران،
شەهید کران،
گووڵەباخێک بڕوێندرێت،
یا نەمامێک بچێندرێت،
پاش چەند ساڵێک،
خاکەکەمان،
دەگۆردرێت بە جووانترین گووڵستانی،
هەموو جیهان.

# -٣١-

# کاتێک کە ویژدان دەمرێت

لە وێنەیەکدا منداڵێک تەمەنی لە چووار پێنج ساڵ زۆرتر نیە، دانیشتووەو خەریکی پێڵاو بۆیە کردنە، بە بێئەندازە دڵسووتێنەرە و پاڵی پێوەنام بوو دەربڕینی ئەم هەستەم.

تـوخـوا، سـەرۆک،
تـوخـوا، رابەر،
تـوخـوا یا شێخ، تـوخـوا، مەلا،
پەیڕەوانی خـواو پێغەمەر،
ئەم وێنەیە کە دەبینن،
منداڵێکی کەمێک زیاتر

لە شیرخوارە،
پێڵاوی خەڵک بۆیاغ دەکات،
لە بەیانی تا ئێوارە،
چاوەکانتان داناپۆشن،
لە شەرماندا؟
دڵەکانتان راناوێستێ،
لە خەماندا؟
چارەنووسی ئەم کۆرپەیە،
لە نێو دەستی ئێوەدایە
یا دەیخەنە ئەستۆی خودا؟
یا ویژدانتان وا نووستووە،
رانەپەڕێت، راناچەڵکێت،
ژووری نووستن جێناهێڵێت،
سەد هەزاری وا روو بدا؟

# -٣٢-

# مەلەوانی لە دەریای خەونە خۆشەکاندا

لە وێنەیەکدا منداڵێک بە جل و بەرگێکی دڕاوەوە لە سەر پیادەڕۆی شەقامێکدا خەوی لێکەوتووە و دیارە هەژاری و برسییەتی توانای ڕێکردنیان لێوەرگرتبێت.

کۆرپەڵەکەم،
بنووە ئارام،
چاک شارەزام،

لێت تێدەگەم کە سک برسیت،
لە کەناری جادەیەکدا راکشاوی،
چۆنکە ئازای و نەترسیت،
چاک دەزانم،
لەم ساتەدا، خەون دەبینی،
نیو کیلۆ گۆشت و مریشکێک،
کەمێک بامیە، چەند تەماتە،
دوو پارچە کێک،
روبعێک قەیسیت،
لە دەستدایە،
شەوی جەژنە دەیبەیتەوە بۆ داکەکەت،
هەم چەژنانە هەم خەڵاتە،
بۆ خۆشکەکەت کراسێکی گوڵ گوڵاوی،
بۆی دەسووتێی بە دیتنی،
منداڵانی دەرهاوسێتان،

فرمێسک دەرژێ لە دوو چاووی،
لەوەشدایە بۆ کیژێکیش،
لە ناخەوە بۆی برژاوی،
دیارییەکی جوان بستێنی،
لە پێشیدا دیواری شەرم لە هەژاری
بشکێنێت و
رازی دەروون بدرکێنی،
دڵنیابە، بنوە کۆرپەم،
بە ئازادی، بێ ترس،
بێ خەم،
لەم ساتەدا کە تۆ تێیدا،
مەلە دەکەیت لە دەریای خەونە
خۆشەکان،
مەلە دەکەن لە خەوندا کۆرپەکانی،
رابەرانی ستەمکاری گەندەڵکاران،

هەر چەند چرکەو رادەچەڵکێن،
لەش بە لەرزەو لەقە فڕکێن،
لە خەویاندا پاشە رۆژەو
باوکەکانیان،
پێ لە زنجیر راوێستاوون،
لە قەفەسی تاوانباران،
چەند سێدارەو چەند گەزە پەت،
چاوەڕێن و
سەما دەکەن، بەرامبەریان.
28.09.2012

## -٣٣-

چیرۆکە شعر:

# کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراو

ڕووداوێکی وا ڕوویدا بوو،
جگە لە تۆ و جگە لە من،
چەند ئاژەڵێک،
چەند باڵندەو هەڵۆ و قەلێک،
لە ڕووی زەمین کەسێکی دیکە نەمابوو،
جیهان مولکی هەردووکمان بوو،
بۆ کوێ دەچووین،

هەروەکو ماڵی خۆمان بوو،
کە بەرزییەک دەهاتە بەر،
من دەبوومە پەیژەیەک و
بە سەرمدا سەر دەکەوتی،
مەترسییەک کە پێش دەهات،
تۆ بە پەلە بەر دەکەوتی،
کە ئەڵماس و زێرو زیومان،
دابەش دەکرد،
لە دوواییدا،
دەمدا بە تۆ بەشەکەی خۆم،
پەنجەیەکت لە سەر سینەی خۆت
دادەنا،
پەنجەیەکیش بەرەو لای من،
بە نازەوە پێمت دەگووت،
چونکە تەنها من بەشی تۆم،

زۆر بە گورجی و بە دەست و برد،
وولاتانمان گشت دابەش کرد،
من سەرۆکی ئەمریکا بووم،
حکمڕانی هەموو جیهان،
تۆ روسیە، سەرزەمینی چەپڕەوەکان،
بڕیارەکان، باش و خراپ،
چی ئەوەی من چی ئەوەی تۆ،
بۆ پیکەنین،
هەموو هەر ڤیتۆ دەکران،
بڕیارمان دا،
تۆ سەرۆکی گشت جیهان بی،
من نەتەوە یەکگرتووەکان،
یەکەم بڕیارم ئەوە بوو،
مافی ڤیتۆم زوو هەڵوەشان،
ئەفریقامان کرد بە بەهەشت،

پڕ لە ئاوو لە دارستان،
مەیمونێکمان لەو دەڤەرە،
بە سەرەک کۆمار دامەزران،
ئەمریکامان دا بە بەراز،
ڕێوی پاشای ئەوروپیەکان،
وورچ رووسیە،
ئوستراليا، بۆ کەرکەدەن،
ماری کۆبرا بۆ هیندوستان،
تاجمان لە سەر ووشتر دانا،
کردمان بە شای عارەبەکان،
دونیا بە هەشتی بەرین بوو،
ووشەی هەموو فەرهەنگەکان،
پاک ببوەوە،
تەنها ووشەیەک کە مابوو،
پێکەنین بوو،

عیشقی خاک و سەودای وەتەن،
وایلکردین بڕیار بدەین،
گەڕانەوە بۆ کوردستان،
لەو ساتەشدا،
هەر جوانترین خاکی جیهان،
بۆنی خۆشتر لەو شوێنانەی بینیبوومان،
یەک دیمەنێک خەم هێنەر بوو،
تۆقێنەرو ترسێنەر بوو،
لە هەر گوندو لە هەر شارێک،
چەک ببووە بەری هەر دارێک،
پاڵ هەر بەردێک،
پڕ بوو لە چەکی سوتێنەر،
داس و تەورو چەقۆو خەنجەر،
بڕیارمان دا کە کوردستان،
کۆمارێکی سەربەخۆیە،

پلەی سەرەک کۆمارییەتی،
ئەو وڵاتە بەشی تۆیە،
تۆ ئەو پلەت پێخۆش نەبوو،
نێوچاووانت گرژ وەرگەڕا،
پلەیەکی بێ تواناو دەسەڵاتە،
پێم خۆشترە کە وا ببمە،
سەرشالیاری ئەم وڵاتە،
پەسەند کراو منیش گووتم،
سەرەک کۆمار ئێستا منم،
کەس ناتوانی، ئەم پلەیەم،
لێبستێنێ تا مردنم،
تووڕەتر بوویت کە ئەوەت بیست،
بیرت گۆڕی و
دیسانەوە ئەو کارەت ویست،
تووڕە تر بوویت،

کە لێم پرسیت،

دووا بڕیارە،

ئا ئەمەیان ؟

فەرمووت نە خێر،

دابەشی کەین خاکەکەمان،

نێوەی بۆ من نیوەی بۆ تۆ،

دوو سەرزەمینی سەربەخۆ،

سەرم سوڕما،

دڵم کەوتە ترپەو لێدان،

لە ناکاودا بۆ شتەکان،

هەموو گۆڕان،

نیوەی زەمین سەوز وەرگەڕا،

نیوەکەی تر،

زەرد، هەروەکو وەرزی خەزان،

فەرهەنگێکم کە کردەوە،

پێکەنینیش هەڵهاتبوو،
نووسرابوو، گریان گریان،
هەرگەڵا بوو دادەوەری،
هەموو فرین باڵندەکان،
چەکەکانیش ئاووس ببون،
چاوەڕوانی پەنجەیەک بوون،
کۆرپەکانیان بێتە جیهان،
مێردەزمەو کابووسی مەرگ،
بە ئاسماندا کەوتنە سوڕان،
بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک،
بە قوڕگێکی پڕ لە گریان،
بیرم لەوە دەکردەوە بە چی جۆرێک،
ئەم تەلەسمە بێتە شکان،
لە ناکاودا خەنجەرێکت دا لە پشتم،
چەند چرکەیەک بەر لە مردن،

لە گەڵ ناڵەو ئاخ و ئێشا،
ماشەی چەکێکم راکێشا،
ئەوەی کەوا لە سکی بوو،
بە سەر دڵ و سەرتا رشتم،
دوا هاوارم وابوو گووتم،
ئۆخەی کوشتم.
راچەڵەکام، دەرکەوت خەوە،
کە دەیبینم،
نە تەرمی تۆ لێرەدایە،
نە خۆشم پشت بە برینم،
بە داخەوە کوردستانیش،
دابەش کراو،
وەک خۆی وایە،
لاوان هەر هەڵدەواسرێن،
یا لە سەنگەر دەکوژرێن،

وەک سەردەمی جاهلیەت
کیژەکانی،
لە پشت پەردەی حەیاو ناموس،
دەسووترێن،
لە باشووردا،
خەڵکێکی زۆر، هێشتا هەژار،
بۆ گووتنی ووشەی ئازاد،
پینووسداران،
لەسەر نووسینی ووشەیەک،
دەفرێندرێن،
لەتلەت دەکرێن،
دەدرێنە بەر، فیشەک و دار،
منداڵ،
کەمتر لە پازدە ساڵ،
لە بریتی چوون بۆ خوێندن،

کچان، پێڵاو بۆیاخ دەکەن،
کوڕان، لە نێو سەبەتەدا،
هێلکەو سیگار،
دەفرۆشن و
پیرەکانیش،
لە سەر جادەو کۆڵانەکان،
تەسبیح، بەرماڵ،
لەولاشەوە، شارەکانی،
پڕ لە قەسرو لە ڤیلایە،
هەرێمەکەش.
نیوەی لە دەست بەچکە شێخە،
نیوەشی بەچکە مەلایە.

# -٣٤-

# خۆکوژی

صدام، تەنها،
مارێکی رەشی باریک بوو،
لە سەردەست و رێبازی ئەو،
لە کوردستان،
پێش لە چوونی و پاش ئەوەی چوو،
سەدانی تر لە داییک بوو،
لیستی نێوی شەهیدانی سەردەمی ئەو،
چەند سەد هەزار،
ئەوەی کەوا لە یەکمان کوشت،
لە سەرەتای شۆرشەوە،
لەوە دەرچوو بێتە هەژمار.

# -٣٥-

# لە کوردستان

کە دەبینم،
یەک لە دوای یەک،
رۆژلە دوای رۆژ،
قەسرو کۆشک و تەلارەکان،
بە لووت بەرزی،
دەروون بەرەو بنی ئاسمان،
بە دەستی دزە گەورەکان،
زۆر دەترسێم، لەوەی کەوا،
خوا نەکەران،
خانووی هەموو هەژارەکان

لە ڕۆژێکدا،
بە سەریاندا بڕۆخێنن،
خاپوور وێران،
بەو کوردانەی بە زینوەتی،
ژێر خاک کران،
گووتمان ئەنفال،
چی سورەتێک هەڵبژێرین لە قورئاندا،
بۆ ئەمەیان.

## -٣٦-

# جوانترین گوڵزار

بۆ ئەوانەی کەوا دەڵێن،
کە کوردستان،
گوڵستانی کەم تێدایە،
وەرن حەلەبچە ببینن،
لە گەڵ گۆڕی ئەنفالەکان،
گوڵزارێکن لە جوانیدا بە بێوێنە،
لەم دونیایە.

## -٣٧-

# پێشمەرگە

من چوار وێنەم بە دیواری ژوورەکەمدا
هەڵواسیوە،
یەکەمینیان نێوی خوایە،
دووهەمینیان پێغەمبەرێک،
لە نەژادی باپیرانم،
کەوا بۆ من ریشاندەرەو رێنەمایە،
چووارەمینیان نەخشەیەکی کوردستانە،
بەڵام سێهەم،
وێنەیەکی پێشمەرگەیە،
تاکو چووارەم لەسەر زەمین،
دوور لە کاغەزو زەڕەبین،
بێتە بینین،
تاقە ئومیدو هیوایە.

Bo Azadî Kurdu Rizgarî Kurdistan, Tenha Rêgeyek Heye, Ewîş
Rêgeyi Kurdayetîye

---------------------------------------------------------------------------

# KURDISTAN SERIZEMÎNÊKÎ CADÛ LÊKRAW

(Hellbestî Siyasî)

Dr. Yousuf Zangana

Lonon

-2014-

Bo Azadî Kurdu Rizgarî Kurdistan, Tenha Rêgeyek Heye, Ewîş
Rêgeyi Kurdayetîye

---

# KURDISTAN SERIZEMÎNÊKÎ CADÛ LÊKRAW

(Hellbestî Siyasî)

Dr. Yousuf Zangana

Lonon

-2014-

# Pêşkeşî

**Kurdistan xakî hemû kurdane,**

**pêşkeş be:**

**ew kurdaneyi ke be çawêkî**

**frawantir le çawî tengî**

**partayetîyewe derrwane kêşeyi**

**kurdu xakekey.**

# -1-

# Grantirîn Kursî Cîhan

Grantirîn kursî cîhan,

bo raberan,

le karxaneyi siyasetda,

le başûrî kurdistanda,

damezirawe,

her  ke raber  jêrî germî,

kewte serî,

hellsanewe,

xeyallêkî êcgar xawe,

ew kursîyeyi kewa ewî,

le serîda danrawe,

çuwar sedu pencaw yek hezar,

her şehîdî bo drawe!

pênc hezaru ḧewt sedu no,

ladî û gundî bo ruxawe!

dû hezaru sê sedu şeş

kêllgew baxî bo sûtawe!

be dak û jn û mindallan,

çend miliyonêk,

cerg w dllî bo brjawe!

namus, şeş, ḧewt ,

hezar jnîş,

le zîndanan, etk krawe!

çend sed hezar,

awareyi şaru wullatan,

çend hezarîş,

be bê seru bê şwên mawe!

ewca kabra ḧeqî nîye,

hawar bika,

em karane le pênawî min krawe,

ḧeqî nîye, wek muẍnatîs,

be kursîyekewe nûsawe?

nazanm key, ke êmeyi kurd,

dêyine ser xo?

prsîyarêke, çend sallêke,

serî minî lê sûrrmawe.

waqî minî lê wurr mawe.

# -2-

# Bitxane

Mêjû dîsan çerxayewe,

be daxewe ke kurdistan,

bo be ke'beyi ber le îslam,

bo bitekan,

bitî qellew, bitî barîk,

bitî xirpin, bitî drêj,

bitê spî, bitî tarîk,

çend daneyek kele berdîn,

çendê bê mêşk,

ser wrrû gêj,

rabûrduwekan,
yekiyan 'uza, yekiyan lat bû,
yekî dîkeşiyan menat bû,
emirroyiyekan,
yek nêwêkiyan llînrawe,
raberanî,
le daru berd taşrawe,
be miliyonan, le hejaran,
dem be nzan,
mîjû wefayî xoyi binwênê,
bênête bûn, bitşkênê,
em bitaneş wurd wurd bikaw
le bin pêda bihencênê.

# -3-

# Sadamstan

Ke şew dahat ,

صdam çû xewt,

medenî bû,

clekeşî, clî Ẍerbî û

efenî bû,

ke roj hellhat,

gewretirîn ,

efserî ser ruwî zemîn bû,

le ser şanî estêrekan,

şeryan dekrd ,

le gell ewaneyi asman,

rojnamekan ,

telefziyon û radêokan

be çuwar sedu penca ziman.

gşit berbûne rexine girtin,

neşiter lêdan,

sall hat û çû,

eweyi seyre le kurdistan,

be birriyarî kabrayekî seyru semer,

be sebete tac û necme

dabeş kraw xiraye şan,

şanî qesab ,

şagrd şofêr

dergawan û mesîne ber,

şwanî le dunya bêxeber,

şanî kurdanî kurd bikuj,

kone be'sî û rawêjkaran,

hêndeyi supayi hemû cîhan,

'qîd ,

z'îm ,

lwayi erkan,

le yek rojda drûst kran,

caran tenhaص edamêk bû,

bikuj ,

xwên mj ,

stemkaru

be bê wîjdan,

bellam emiyan,

bo kurd kujî,

sedan weku ewî xullqan,

ne radiyoyek nqeyi lêhat,

ne kurdêkîş hate ziman,

ne le katî tenganeda,

yek lewane, hatine meydan.

her hîç nebêt, xo pîşandan!

# -4-

# Pepûle Grr Têberbuwekanî 'Amuda

Le mangî 7î sallî 2001 le şarî lînîngrad (Saint Petersburg), sîmînarêkm pêşkeş krd le jêr nêwî (alḧzam al'rbî Teuq A'naq alqtle) ke basm le nûsîne dij be kurdekeyi mḧmd Teleb hlalî 'arebî şovînî sûrî krd. lewêda be danîşitwanî korreke, ke zorbeyan lawanî xwêndkarî kurdî rojawayi kurdistan bûn, gûtm :

"lew bawerredam, ke de sall nabat, xwênî korpe be grr sûtawekanî sînemakeyi 'amuda, grr berdedate tac û textî bikujaniyan ."

be yek sall drengtir lew boçûnem, wa xerîke ew awate dête dî û bem zuwane herêmî rojawayi kurdistanîş be cîhaniyan denasirêt û le ser nexşeyi cîhanîşda tomar

dekrêt. em hestem pêşkeşe be rewanî pakî ew pepûle grr têberbuwane.

Pêm newutin,

ke rojêk dêt,

nallekanî korpekanî sînemakey,

nêw 'amuda,

frîşitekan, deyben, deyben,

ta degate, ber gwêyi xuda,

birriyarî xoyi derdehênî,

ke çon tolle le dujminaniyan,

bstênê,

pêm newutin,

grrî leşiyan meşxellêke,

grr berdeda le zordaran,

teqîneweyi kaseyi seryan,

burkanêke, deteqênêt,

deruxênît û têkdeda,

tac û textî stemkaran,

ke debînin, çon hate dî,

xewnekanm,

bêgumanm,

tenha, çend şewu rojêke,

deryayi xwênî pak û geşiyan,

şepollî qîn drûst dekat,

rademallî le rîşewe,

kax û koşkî,

kurd kujekan.

# -5-

# Pasport

Eger rojêk maweyan da ,
baseportêk ,
be dllî xom binexşênm,
gşit cîhanî pêbigerrêm,
xomî pê binasênm,
pêwîst nakat ke binûsm,
nêwî çîye nîşitmanm,
wêneyekî hellebicekem,
korpeyekî xinikênraw,

çallêkî prr be zînwetî,

enfal kraw,

bese kewa sinûrwanan,

zû bzanin,

ke min xellkî kurdistanm.

# -6-

# Prrsiyarrêkî Cejnane

Prsîyarêke,

hezar xozge ,

wullamekeym dezanî,

le rojêkda ,

be sedan kurd ,

debine qoçî qurbanî,

ne mirovêk dête berçawu ,

ke cejnêkiyan bo bigêrêt,

ne matemêk ,

ne dhollêk,

ne çeplleyek,

ne ahengêkî goranî,

ne debînm take kesêk ,

dllopêk xwên,

darrjênêt le çawanî,

billêê tenha bo ewe bêt,

bêbayexe ke xwênî kurd le çawî kurd,

bayexekeyi nagate xwênî biyanî?

# -7-

# Peyamêk

Bo newekanî nazanm key ....

bo sallî nazanm çend...

gule topekan hawêjtiran û hatin,

çolekekan frrîn,

gullzarêkiyan le term bo drûst krdîn,

qelereşkekan hêrşiyan hêna,

goşitîyan be ser êskewe nehêşit,

zemîn xwênekanî hellmjî,

sall hat û çû,

zemîn qlîşa,

lafawî xwên qelerreşkekanî
ramallkand,
gurg û çeqell û rêwî,
ke lew diywî diywarî şanokeda
xoyan ḧeşar dabû,
geyşitin,
le êskî kaseserekan,
pêkewe, seyre!  pêkewe
kursîyekiyan drûst krd,
hêşitaş her le serî danîşitûn,
em çîrokeş hêşita her mawyetî.....

# -8-

# Dîmukrasî le kurdistan

Dîmukrasî ,

le rojawada awus bû,

katêk ke çû, bo kurdistan,

le bariyan brd,

kurd froşan,

frrufêlliyan, krd be yasa,

krr bûnewe leser hêlke,

dîsanewe,

dktatoru gendellkaran.

# -9-

# Ruḧî Şehîdan

Rê megirin le gerdulûl,
bwezêt bo kurdistan,
ruḧî sedan şehîdî
enfalî legelldaye,
peroşî ḧesanewen,
le sêberî allayek,
be xwêniyan hate şekan,
bellam emirro sed efsûs
baregayi gendell karew
seyrangay,
enfalçîyan.

# -10-

# Wuşeyi Enfal

Çend rojêk bû
wêll bûm be şwên wuşeyekda
ke bînûsm.
le brîtî wuşeyi enfal,
wuşeyek bêt pîs û bogen,
hêllinc hêneru qêzewen,
bonî, bonî xwênî meyiyû
dengî, dengî nallew fîẌan
waweylê şiywen û griyan,
bawe, bawew rorroyi hetiyû,

qjeyi cergî sedha hezar
mirovî kurdî xêr nediyû,
têperrînî zncîrî tanik le ser leşî
pîrî zîndû,
têberdanî segî brsî
bo ser laşeyi lawî mirdû
marû dûpşk, xistine leşî kîjanewe
le brîtî memkî dayk,
lûleyi tifeng, xistine demî,
korpeyi şîrxoranewe,
wuşeyek bêt  pîşanderî,
bîrqeyi şmşêrî zordaran,
kellpeyi tîjî stemkaran,
le brîtî awu, xwên mjan,
kîje korpe le çall keran,

çend çirkeyek le paş ewey

dête jiyan,

wuşeyek bêt wêney,

wêneyi stem

hêrşî xem,

baranî jar ,

ejdîhawu mar

kûltûrî pîsî taziyan

cehalet, ferhûd û tallan,

ser birrînî, kurinoş neber

bo baregayi stemkaran,

kuşitin be dar ,

kuşitin be berd,

wuşeyekî leş lerizêner,

mêşk toqêner,

dll tirsêner,

++++++++

lew rojewe kewa wuşe,

hatuwete bûn,

le nêw hemû ferhengekan,

weku mşkî nêw çêşitxaney

mallî hejar ,

kewtme sûrran

kewtme gerran,

hatin û çûn,

leweda bû bê umîd bm

perîşan bûm, ser lêşêwawu,

ke le nakawu,

wuşeyekî lew şêweyem

hate ber çawu,

le akawda birriyarm da
ew wuşeye bekar bênm,
tînuwetî grrî derûnm,
bew wuşeye damirkênm,
eweyi kewa dozîmewe,
eweyi ke dîm,
nûsirabû minîş nûsîm,
ktûprr zû,
her xûdî wuşeyi enfal bû,
enfal enfal, enfal, enfal,
her enfal bû.
bogentirîn wuşeyi zemîn
takû êsta be kar hatû
le ferhengî zanist û dîn.

# -11-

# Peyamî Gerdelûl

Katêk ke gerdelûl dêt ,
le berîda ra meken,
merrone nêw mallewe,
pencerekan da mexen,
nameyi termî şehîdî,
enfalî kurdî pêye,
lêyi wergirin bprsin,
le kêweyew bo kêye?
kê nallî dlldarêke,

bo nameyi dlldarekey,

hêşita çawwî le rêye,

kê nallê hî lawêke,

bo babî be cêmawî,

be xwêndineweyi nameke,

wek yaqub, babî yusf,

bêtewe dîd dû çawwî,

kê nallî ke peyamî,

xwêndkarêkî zîreke,

bo mamosta hêjakey,

takû bînûsêtewe

le ser perreyi mêjûda,

enfal çîyew çon ruwîda,

çon be nêwî xudawe,

be pall allayi ellawe,
sed sed dexirane çall,
termî jn le ser piyawan,
termî pîr le ser mindall,
mindallêk be pêkenîn,
hezaran be grru gall,
sedanîş kş û bêdeng,
hezaran be nalle nall,
melayek bangî deda,
be zuwanî bikûjanî,
seyru semer eweye,
hêşita le niyweyda bû,
kewtine gûle baranî,
kîjêk be bê tirs û bak,

ber leweyi bikujrêt,

wêneyi xoşewîstekey,

xiste ser dû lêwanî,

le ber çawwî bab û kak,

bo kewtinî yarîyekey,

mindallêk kewte griyan,

katêk hellîgrtewe,

xoyî û bûke şûşekey,

be yek gule kujran,

lawêk ke çaketekey,

le şanewe kewte xuwar,

hellî grt û tekanî,

le tozu xoll û Ẍubar,

detgût ke be rêweye

derrwat bo dîtinî yar,
daykêk ke dayane ber,
ruwî krd le hawrêkanî,
ême deben bo şwênêk,
dellên lêre başitirh,
be şew bayi êre sarde,
lewêda hêwaşitire,
eger zûtir azad bûn,,
ya ber le ême derçûn
be eḧeyi kurrm billên,
ke çak wane bixwênê,
şewan zû biçête xew,
taku bo qutabixane,
sbeyinan duwa nemênê,

dergakan bikenewe,
emeyi pêye gerdelûl,
bîmjne nêw sîne,
be henaseyekî zor qûl,
pêşwazîyan lêbiken,
ke dane danekanî,
termî hawrrê û kesanin,
le baregayi zordaran,
ballwêzî kurdistanin.

# -12-

# Zayelleyi Mêjû

**X**ewnêkm dî seyru semer,

şîkrdineweyi despêrme,

destanî yusf pêẌember,

ew şareza le xewnan bû,

lew xewneda mêjûm bînî,

xewnî mêjuwî gelî kurdu

xewnî mêjuwî kurdistan bû,

çawwekanî dagrtibû le şermanda,

rû berew xuwar,

xerîkî şîn û griyan bû,
le ser ruwîda çend xallêkî,
gelêk zoru zebeleḧî
reşm bînî,
bellam efsûs,
çend daneyek kem û wurde
nerme xallî geşm bînî,
clî reşî krdbuwe ber,
le nûk pêwe ta tewqî ser,
deygût, xozge xudawenda,
penca sallêk ber le emirro
detkûşitm w
giyanm le leş deçuwe der,
lew demeda perrekanm pîs nedebûn,

bem hemû dzu cerdane,

mîlet û xak froşane,

mirovanî be bê kellk w

bê seru ber,

yekêk be nêw desellatdar,

yekê serok,

yekêk raber.

# -13-

# Serokî Şar

**S**erokî şar,

marmolke bû hate ser kar,

hênde xwênî geşî mjî,

paş maweyek gorra be mar,

reş û rût û sk brsîyekan,

lêyi raperrîn,

dayane ber kotek û dar,

mirovêkiyan hellbijardu w

le şwênî ew,

krd be xawen, hêzu birriyar,

wayan zanî zor berrêzew,

zor be beha,

paş maweyek,

hênde pul û pareyi qûtda,

hezar reḧmet le mareke,

serok gorra be ejdeha.

# -14-

# Dlldarekem

Le nakawda raperrîm û
nêwî cwan w
efsûnawî toyi nazdarm ,
ha te ziman,
hawusengerrê le xoşîda,
kewte qaqayi pêkenîn w
çeplle lêdan,
gûtî aha, aşkra buwî,

bo wa reng zerdu jakawî,

be şewu roj, kş û matî,

xeyallawî,

lêwekant hellpruskaw,

weku deşitî awu nedîde,

wuşk, qlîşaw,

derkewt kewa 'aşqêkî ,

dll dorrawî,

le ser ta pê be 'îşqî ,

cwanêk sûtawî.

hoşî le ser derperranduwî,

şadî le ser rû , frranduwî,

prsîm, pêm nallêyi fllanî,

çon bem razeyi mint zanî,

gûtî rojî yek hezar car,

katêk xewî, xewn debînî,

katêk bîdar,

dekewîte melewanî,

katêk le nêw deryayi xeyall,

nêwî dête ser zimant,

dellêyi korpey ,

taze kewtuwî,

be grrugall,

prsîm eger wayh, deyllêy,

nêwî çîye ew dlldarem,

ew dlbere nask û cwane?

zor be pelew bê çawu purkan,

gûtî nêwî kurdistane.

-15-

# Minîş 'Aşqm

ke mindall bûm,

zor detirsam,

le şîn û nalleyi 'aşqan,

frmêsk rşitin,

şew nexewtin,

tlanewe le ser cêga,

şew ta beyan,

şî'rî hendê şa'îranîş,

leriziyan le leşm berdeda,

le tirsanda,

be şewu roj,

dest le asman,

deparramewe le xuda,

ke şoxêkm neyete rê,

weku ewanm be serbê,

ew nzayeyi lêwergrtm,

katêk zanî hêşita wurdm,

le akamda, karî xoyi krd,

şêt û şeyday,

penca miliyon,

kîju kurru

genc û pîrî,

kurdî krdm.

# -16-

# Şêre Jnan

Pêşkeşe be hevall sekîne ke le nzîkewe deminasî û pepûlekanî dîke, ke le parîsî paytextî ferenisada şehîd kran.

**H**êşita ke jn,
le sîserkew mşk detirsa,
buwî be hawrrêyi şêru pllingî kêwekan,
hêşita qjî jnekanî wullateket,
le çêşitxane,

bonî ron û piyazî deda,

hellt kêşaw brdt

berew sengerekan,

katêk dengî teqe dehat,

jn helldehat bo jêr zemîn,

dert hênaw le çiyada,

dll û sînet,

krd be qellẌan,

basî zîndan û şkence,

tirs hêner bû,

buwî be 'îsayi em serdemew,

hêndet kêşa,

ke ew tirset le nêw brdu

ew telesmet bo kurd şkan,

maweyek bû jnanî kurd,

le xewda bûn,

be şepollî xwênî pakt,

jn û piyawî kurdistant,

le xewêkî qûl raperan,

binû aram hevallekem,

eweyi wîstt hênate dî,

bo kurdistan.

# -17-

# Pêşkeşî Raber Bo Nûseran

Dellîn raber lutifî fermû,
çû bo baregayi nûseran,
tabiloyekî pêşkeş krdin,
le serîda nûsira bû,
be xetêkî zêrînî cwan,
qsekantan ger ziywîn bê,
le yasayi tazeyi êmeda,
zêrrî nabe, bêdengîtan,
detanewî azad bijîn,
le bîr neken, em pendeman.

# -18-

# Pepûle Grr Têberbuwanî

# Şîn Awa

Şîn awa gundêke le rojhellatî kurdistan, ke le qutabixanekeyda le ber kemterxemî lêprsirawanî rjîm û bayex nedaniyan be nawçe kurdîyekan, jûrî qutabiyan grrî grt û be deyan mindallî wurd sûtan û yekêkîşiyan giyanî le destda.

Pepûlekan,

wurde wrde, nerm nerm,

be hengawî xincîlane,

berêkewtin demew beyan,

bo şwênêkî kemêk germ,

berew jûrî qutabixane,

kellk wer bigirin ta le tîşkî, zanistekan,

bibin be tîşk bo ayinde,

le wullatî tarîkiyekan,

gşit, rça bû ,

pencekanî dest û pêyan,

bê aga bûn, leweyi kewa,

agru merg çawwerrwane,

le brîtî mamostakan,

le seretayi hatine bûnî evînewe,

her pepûle. evîndarî tîşk û grre,

padaşîşî grr têberbûn û sûtane,

çunike agr amirazêkî,

zor bêwefaw bêwîjdane,

emcareşiyan le şîn awa,

grrî agr ,

şînî tazeyi hênaye bûn,

deste, desteyi pepûlekan,

be bêgunae û bêtawan,

be rqî xoy, hemuwî sûtan,

seyranîşî lêrrfandin,

ewîş çuwe, nêw karwanî bê kotayî,

şehîdekanî kurdistan,

kesêk niye ke bprsî,

le serokî tarîkstan,

çl perwane le jurêkda,

keyi rewaye lem serdemh,

eyi xwa nenasî, bêwîjdan?

**Têbînî:**

Soriya u dekan, dû gundin le başûrî kurdistan. le layen rjîmî be'sî 'îraqewe le sallî١٩٦٨ piyawanî hemû gule baran kran û pêremîrd û pîre jn û jn û mindallanîş xirane eşkewtêkewew grriyan têberdra.

# -19-

# Şêranî Mangrtû

**P**êşkeşe bew lawe kurdaneyi bakûrî kurdistan ke le zîndanekanî rjîmî faşîstî turkiyada, le pênawî be desthênanî mafe rewakanî netewekeyanda, bo maweyekî dûrû drêj, maniyan grtibû le nan xwardin.

Çend asane, le ser ziman,

ke dellên şest,

şest şewu roj

le mangirtin,

be brsîyetî, bê awu û nan,

le pênawî eweyi kewa,

êwe, to, min,

azad bijîn,

ew şêraneyi zîndanî tork,
yek le duwayi yek,
be serberizî, deron, demirin,
le astî em rûdaweda,
frîşitekanî asman w
dezgakanî mafî mirov,
mirovanî bê wêjdan w
mirov dostan,
bû be dû mang ,
hemû nustûn,
mangrtuwan,
êstaw emirro û bo hemîşe
tenha êwen kewa zîndûn,
êwe nebê, cîhaniyan,
hemû mirdûn.

# -20-

# Daykanî Berd Weşên

**(Umhat Alḧcare)**

Dayke kurde şîrînekem,

her ke berdêk deweşênê,

berew sîneyi dagîrkerêk,

hêndeyi hezar kllaşînikof,

deytirsênê,

le pşit sed top û tanikda bêt,

wuzew wurey, deruxênê,

werine meydan, şêre jnan,

be bêguman,

xwênî min û berdî êwe,

çok be dujmin, denuşitênê.

# -21-

# Peyamî Jnanî Kurd

Le bareyi rabere krr kewtuwekanewe. ewaneyan lew serdemeda ke gûtiyan supayi dcle ke serok şaliyaranî 'raq nurî almalkî daymezirandbû bo dagîr krdineweyi kerkûk û kurdistan, zorbeyan xoyan nexۆş xist û kurdistaniyan be cêhêşit berew dereweyi wullat, be biyanuwî çareserî wergirtinewe.

Raberanman,

le êstawuh ,

le nêw kûnî mşkollekan,

xo û xêzaniyan, ḧeşar dawwe,

hendêk pşitiyan hatuwete êş,

hendêk seryan,

le tawanda ,
bo rojawa be rîkewtûn,
gşit defermûn,
le kurdistan,
pzîşkêkî çak nemawwe,
be hezaran cenerallî çend estêre,
derçuwî karxaneyi partekan,
kurdistaniyan  cêhêllawe,
bo torkîyew bo êran û bo hîndustan,
yek çareser, çawwî dekat,
yek gurçîle,
hezaranîş dem û didan,
ser zlekan ,
xudawendiyan lê razî bêt,
ke grftêk ser helldedat,

layan waye xawen mêşkêk,

le kurdistan dest nekewêt,

bo rêçare, her yek berew

layek helldêt,

pêşmergeş eweyi caran bû,

dejiya be nan, dejiya be awu,

dejiya be do,

her be nêwun, em hezaran,

be hezareyi êstaw emirro,

xoyan corêk krr krduwe,

dellêyi xollî gorrstaniyan,

be seru şanda rşituwe,

meydan çolle, şêr nemawun,

rêwyekanî supayi dcle le meydanda

kelle piyawun,

carêkî tir wa be rêwen bo xwên rşitin,

bo enfalî sedeyi taze,

bo kurd kuşitin,

enfalçiyanî kurdistan,

wa xerîkin xo rêk dexen,

seru smêll boyax deken,

bo pêşwazî le hevalle konekaniyan,

boye ême le jnanî derûn sûtaw,

be cêmawwî karesatî hellebicekan,

nenik û dakî be hezaran enfal kraw,

êmeyi lawu û,

ême pîrî şest û ḧeftaw

heşita salle,

ser şor krdin,

kurinoş brdin,

carêkî tir,

bo dagîrker le layi ême,

gunahe, kfre, meḧalle,

peyamî her yek le êmey,

tewru das û tifeng be dest,

bo raberî bêwîjdan û bê bezeyî

bê hoş û hest,

bem coreye:

"ta yek gûleyi têda mabê,

em birrinewe,

min xakekem deparêzim,

kakî raber, toş asûde,

le jêr lêfeyi germ û nerm,

le baweşî yareketda,

xêrake birro bixewe."

# -22-

# Bangî Serbexoyî Kurdistan

Pêşkeşe be mangrtuwanî kollinederê bakûrî kurdistan le zîndanekanî rjîmî faşstî torkiyada.

Taku êsta ,

zîndan gorrî azadî bû,

tenge çallî xendew xoşî,

xezan û mergî şadî bû,

bellam êwe,

pallewane mangrtuwekan,

ew nêwetan, pak krdewe,

gorrî, labrd, le ser zîndan,

lew rojewe êweyi têdan,

bo be zîdî şadî û xoşî,

perwerşgayi azadîyekan,

le pşit dergayi asinîn w

pollayînî zîndanewe,

le toyi şîşî pencerekan,

kotirî spî le dayîk buwî

xwênî geşî êweyi xobexş,

derdeperrê,

helldefrrê

taku bangî serbexoyî ,

be gwêyi kurdanda biçirrê.

# -23-

# Katêk Ke Gullekan Deweren

*Pêşkeşe bew gullaneyi ke le zîndanekanî rjîmî faşstî turkiyada yek le duwayi yek le pênawî azadî kurdu rizgarî kurdistanda, deweren.
**eyi kurdanî xawen hellwêst le katêkda le dewrî sfreyi xwardine rengaw regekantanda dadenîşn, bo çend çirkeyek bikewne bîrî ew kurdaneyi ke le pênwayi azadî êweda, nerm nerm berew şehadet rêgayan grtuwete ber.

Mangrtuwan,

be cestew leş le gelltan nîm,

le gelltandam be dll û giyan,

be pêkenîn berew pîrî mirdin derron,

mirdinî min, prre le xem,

prre le êş prr  le azar,

êwe brsîn,

eweyi deyxom,

hezar reḧmet le jarî mar,

ke debînm rojekantan ,

jmareyan serdekewê,

ber debme zarî û griyan,

dllî sînem dête lerizîn,

bo çirkeyek danamirkêt ,

oqre nagrêt û nasirewê,

ke ruḧêktan derdeperrê,
defrê, derrwa, berew asman,
çirayekî nwê helldebêt,
le ser lûtkeyi çiyayi qendîl,
le gşit şarêk, le gşit mallêk,
le soran û le badînan,
her şemêktan dademirkê,
leser rêgayi kurdayetî,
meşxellêk dête hellgîrsan,
katêk xwênî sûrû geşitan,
nerm nerm wuşk dekat w
gollî rûtan yek le dwayi yek,
helldewrê,
hezar xunçe dête cîhan,
le gşit nawçew gşit deverê,

rêga dûre, azîzanm,

dllinyabin, ew xunçaneş,

rêgayi êweyi gullalleyan,

dête berrê,

çendî gewren, katêk derron,

be serberizî berewe mirdin,

çend serşorrin, raberanêk,

pîşeyane bo dujminan,

kurinoş brdin.

# -24-

# Raberanman

Xoperstî û  wêjdan,

le yekem, waz bihênin,

dûhemîş, bête dlltan,

ew paraneyi ke deyden,

be boyeyi  ser û smêll,

ya be ḧepî, vayagra,

deyxene layi kemeru

toyi memkî sozanîyekan,

ger bêt û koykenewe,

be maweyekî zor kem,

min bellêntan  pêdedem,
yek hejarêk nemênêt,
ne le gundu ne le şar,
ne mallêkî kurdistan,
rojgarîşiyan gşit bibêt,
be cejn û xoşî û şadî,
newroz, qurban, remezan.

# -25-

# Cejnanh

**L**e rojekanî cejnî qurbanî sallî 2012 bû, wêneyekî dlltezênm ber çaw kewt ke jnêk be nêw segurdanêkda degerra be şwên şitêkî be kellkda ke zor tînî têkrdm û bû be hoyi le dayîk bûnî em heste.

**B**ellku eme xudawendî,
hejarane,
çê be rastî, çî be helle.
mallêk le malle serokan,

raberêk, şêxêk, melayek,
yekêk le piyawe gewrekan,
parûyek nan,
parçe êskêk,
kemêk goşitî leser mabê,
miyweyek, rane mirîşkêk,
yekêkiyan pêyi nexurabê,
frêyi dabê,
destm kewêt ,
lem segurdane gewreda,
dllm xoşkat,
billêm oxey, raberanm,
le jêr sayeyi serî êwe,
minîş le cejnî qurbanm.

# -26-

# Pepûlew Megez

le wêneyekda ke şeqamêkî şarêkî başûrî kurdistane, çendîn mindall danîşitûn û xerîkî karî boyeyi pêllawn, ke hemûşiyan lew temenedan ke debêt le qutabixaneda xerîkî xwêndin bin, bellam hejarî pallî pêwe nawun bo ew kare

katêk kewa pepûlekan,
pol pol debin be boyaxçî,
le ser cadew şeqamekan,
ruwî serkrdew  raberanî,
mîllet froş.
debête paygayi megezu
deste destey ,
mêşûle pîsî mjekan.

# -27-

# Binwe Korpem

Le wêneyekda mindallêk ke le cl û bergekeyda derdekewêt hejaru bê cêgaw şwêne, le ser peyjekanî dergayi molêkî kurdistanda, xewî llêkewtuwe.

Binwe korpem, leser peyjeyi
bazarrî gendellkarekan,
xewt xoşe, bem şêweye,
xwayi hejaran,
le ser pşitî kîsellekan, berrêweye,
nêw çawwant ,
prr le awwî şanazîye,
nêw çawanî raberant,
xallêkî reşî pêweye.

# -28-

# Gull û Tifeng

Helleyi raberan,

lêprsirawî, sergêju debeng,

doxêkî wayan hênawete bar,

lawan netwanin ,

hewllden hezar car,

bo gull wêneyek cwan binexşênin,

ayi ke çend azan,

bo top û tifeng.

# -29-

# Xallî Şerm

Wêneyi mindallêk xerîkî boye krdinî pêllawî yekêkew be sersamîyewe derrwanête ew kamîrayeyi ke wêneyi degrêt. zor dlltezên bû û bû be hoyi le dayîk bûnî em hestem.

**S**ersam mebe, korpellekem,
wênet nagrm,
bitkem be gallteyi ser ziman,
ne be rîklam, helliywasm,
leber derkî bazarekan,

xallêkt lêdrûst dekem,
reşitir lewey,
rengî hemû pêllawekan,
nêwî denêm xallî şerm,
deyçeqênm le pîşanî,
gşit rabere ,
kerru lall û bê çawekan.

# -30-

# Gûllstan

Eger le cêyi termî pakî,

her şehîdêk,

le kurdistan,

ewaneyan be destanî,

dagîrkeran,

şehîd kran,

gûllebaxêk birrwêndrêt,

ya nemamêk biçêndrêt,

paş çend sallêk,

xakekeman,

degordrêt be cuwantirîn gûllstanî,

hemû cîhan.

# -31-

# Katêk Ke Wîjdan Demirêt

Le wêneyekda mindallêk temenî le çuwar pênc sall zortir niye, danîşituwew xerîkî pêllaw boye krdine, be bêendaze dllsûtênere û pallî pêwenam bû derbirrînî em hestem.

Tuxwa, serok,
tuxwa, raber,
tuxwa ya şêx, tuxwa, mela,
peyrrewanî xwaw pêẌemer,
em wêneye ke debînin,

mindallêkî kemêk ziyatir
le şîrxware,
pêllawî xellk boyaẌ dekat,
le beyanî ta êware,
çawekantan danapoşn,
le şermanda?
dllekantan ranawêstê,
le xemanda?
çarenûsî em korpeyh,
le nêw destî êwedaye
ya deyxene estoyi xuda?
ya wîjdantan wa nûstuwe,
raneperrêt, ranaçellkêt,
jûrî nûstin cênahêllêt,
sed hezarî wa rû bida?

# -32-

# Melewanî Le Deryayi Xewne Xoşekanda

Le wêneyekda mindallêk be cl û bergêkî drrawewe le ser piyaderoyi şeqamêkda xewî lêkewtuwe û diyare hejarî û brsîyetî twanayi rêkrdinyan lêwergrtibêt.

Korpellekem,
binuwe aram,
çak şarezam,
lêt têdegem ke sk brsît,
le kenarî cadeyekda rakşawî,

çonike azayi û netirsît,

çak dezanm,

lem sateda, xewn debînî,

niyu kîlo goşit û mirîşkêk,

kemêk bamiye, çend temate,

dû parçe kêk,

rub'êk qeysît,

le destdaye,

şewî cejne deybeytewe bo dakeket,

hem çejnane hem xellate,

bo xoşkeket krasêkî gull gullawî,

boyi desûtêyi be dîtinî,

mindallanî derhawsêtan,

frmêsk derjê le dû çawwî,

leweşdaye bo kîjêkîş,

le naxewe boyi brjawî,
diyarîyekî cwan bstênî,
le pêşîda diywarî şerm le hejarî
bşkênêt û
razî derûn bidrkênî,
dllinyabe, binwe korpem,
be azadî, bê tirs ,
bê xem,
lem sateda ke to têyda,
mele dekeyt le deryayi xewne xoşekan,
mele deken le xewnda korpekanî,
raberanî  stemkarî gendellkaran,
her çend çirkew radeçellkên,
leş be lerizew leqe frrkên,

le xewyanda paşe rojew
bawkekaniyan,
pê le zncîr rawêstawun,
le qefesî tawanbaran,
çend sêdarew çend geze pet,
çawerrên w
sema deken, beramberyan.
28.09.2012

# -33-

**Çîroke Ş'r:**

# Kurdistan Serizemînêkî Cadû Lêkraw

Rûdawêkî wa ruwîda bû,
cge le to û cge le min,
çend ajellêk,
çend ballindew hello û qelêk,
le ruwî zemîn kesêkî dîke nemabû,
cîhan mulkî herdûkman bû,
bo kwê deçuwîn ,

her weku mallî xoman bû,
ke berizîyek dehate ber,
min debûme peyjeyek û
be sermda ser dekewtî,
metirsîyek ke pêş dehat ,
to be pele ber dekewtî,
ke elmas û zêru ziyuman ,
dabeş dekrd,
le duwayîda ,
demda be to beşekeyi xom,
penceyekt le ser sîneyi xot dadena,
penceyekîş berew layi min ,
be nazewe pêmt degût,
çunike tenha min beşî tom,

zor be gurcî û be dest û brd,
wullatanman gşit dabeş krd,
min serokî emirîka bûm,
ḧkmirranî hemû cîhan,
to rusiye, serizemînî çeprrewekan,
birriyarekan, baş û xirap ,
çî eweyi min çî eweyi to,
bo pîkenîn ,
hemû her vîto dekran,
birriyarman da ,
to serokî gşit cîhan bî,
min netewe yekgrtuwekan,
yekem birriyarm ewe bû,
mafî vîtom zû hellweşan,

efrîqaman krd be beheşit,
prr le awu le darstan,
meymunêkman lew devere,
be serek komar dameziran,
emirîkaman da be beraz,
rêwî paşayi ewrupiyekan,
wurç rûsiye,
ustiraliya, bo kerkeden,
marî kobra bo hîndustan,
tacman le ser  wuşitir dana,
krdman be şayi 'arebekan,
dunya be heşitî berîn bû,
wuşeyi hemû ferhengekan,
pak bibwewe,

tenha wuşeyek ke mabû,
pêkenîn bû,
'îşqî xak û sewdayi weten,
waylkrdîn birriyar bideyin,
gerranewe bo kurdistan,
lew sateşda,
her cwantirîn xakî cîhan,
bonî xoşitir lew şwênaneyi bînîbûman,
yek dîmenêk xem hêner bû,
toqêneru tirsêner bû,
le her gundu le her şarêk,
çek bibuwe berî her darêk,
pall her berdêk,
prr bû le çekî sutêner,

das û tewru çeqow xencer,
birriyarman da ke kurdistan,
komarêkî serbexoye,
pleyi serek komarîyetî,
ew wullate beşî toye,
to ew plet pêxoş nebû,
nêwçawwant grj wergerra,
pleyekî bê twanaw desellate,
pêm xoşitire ke wa bibme,
ser şaliyarî em wullate,
pesend kraw minîş gûtm,
serek komar êsta minm,
kes natwanî, em pleyem,
lêbstênê ta mirdinm,
tûrretir buwît ke ewet bîst,

bîrt gorrî û

dîsanewe ew karet wîst,

tûrre tir buwît ,

ke lêm prsît ,

duwa birriyare,

a emeyan?

fermût ne xêr,

dabeşî keyin xakekeman,

nêweyi bo min niyweyi bo to,

dû serizemînî serbexo,

serm surrma,

dllm kewte tirpew lêdan,

le nakawda bo şitekan,

hemû gorran,

niyweyi zemîn sewz wer gerra,

niywekeyi tir,
zerd, herweku werizî xezan,
ferhengêkm ke krdewe,
pêkenînîş hellhatibû,
nûsirabû, griyan griyan,
her gella bû dadewerî,
hemû frîn ballindekan,
çekekanîş awus bibun,
çawerrwanî penceyek bûn,
korpekaniyan bête cîhan,
mêrdezimew kabûsî merg,
be asmanda kewtine surran,
be çawêkî prr le frmêsk,
be qurrgêkî prr le griyan,
bîrm lewe dekrdewe be çî corêk,

em telesme bête şkan,
le nakawda xencerêkt da le pşitm,
çend çirkeyek ber le mirdin,
le gell nallew ax û êşa,
maşeyi çekêkm rakêşa,
eweyi kewa le skî bû,
be ser dll û serta rşitm,
dwa hawarm wabû gûtm,
oxeyi kuşitm.
raçellekam, derkewt xewe ,
ke deybînm,
ne termî to lêredaye,
ne xoşm pşit be brînm,
be daxewe kurdistanîş,
dabeş kraw ,

wek xoyi waye,
lawan her helldewasirên,
ya le senger dekujrên,
wek serdemî cahliyet
kîjekanî,
le pşit perdeyi ḧeyaw namus,
desûtirên,
le başûrda,
xellkêkî zor, hêşita hejar,
bo gûtinî wuşeyi azad,
pînûsdaran,
leser nûsînî wuşeyek,
defrrêndrên,
letlet dekrên,
dedrêne ber, fîşek û dar,

mindall,
kemtir le pazde sall,
le brîtî çûn bo xwêndin,
kçan, pêllaw boyax deken,
kurran, le nêw sebeteda,
hêlkew sîgar ,
defroşn û
pîrekanîş,
le ser cadew kollanekan,
tesbîḧ, bermall,
lewlaşewe, şarekanî,
pr  le qesiru le vîlaye,
herêmekeş.
niyweyi le dest beçke şêxe,
niyweşî beçke melaye.

# -34-

# Xo Kujî

Sadam, tenha ,

marêkî reşî barîk bû,

le ser dest û rêbazî ew,

le kurdistan,

pêş le çûnî û paş eweyi çû,

sedanî tir le dayîk bû,

lîstî nêwî şehîdanî serdemî ew,

çend sed hezar,

eweyi kewa le yekman kuşit,

le seretayi şorşewe,

lewe derçû bête hejmar.

# -35-

# Kurdistan u Koşk u Telar

Ke debînm,

yek le dwayi yek,

roj le dwayi roj,

qesiru koşk û telarekan,

be lût berizî,

derûn berew binî asman,

be destî dze gewrekan,

zor detirsêm, leweyi kewa ,

xwa nekeran,

xanuwî hemû hejarekan

le rojêkda,

be seryanda broxênin,

xapûr wêran,

bew kurdaneyi be zînwetî,

jêr xak kran,

gûtman enfal,

çî suretêk hellbijêrîn le quranda,

bo emeyan.

# -36-

# Cwantirîn Gullzar

Bo ewaneyi kewa dellên,
ke kurdistan,
gullstanî kem têdaye,
werin ḧelebiçe bibînin,
le gell gorrî enfalekan,
gullzarêkin le cwanîda be bêwêne,
lem dunyaye.

# -37-

# Pêşmerge

Min çwar wênem be diywarî
jûrekemda hellwasiywe,
yekemîniyan nêwî xwaye,
dûhemîniyan pêẌemberêk,
le nejadî bapîranm,
kewa bo min rîşanderew rênemaye,
çuwaremîniyan nexşeyekî kurdistane,
bellam sêhem,
wêneyekî pêşmergeye,

taku çuwarem leser zemîn,

dûr le kax̆ezu zerrebîn,

bête bînîn,

taqe umîdu hiywaye.

++++++++++

Mebestm ew pêşmerganeye ke le pênawî xellk û xakî kurdistanda le sengerda, giyanî xoyan debexşn, ne emaneyi ke lem rojaneda be helle nêwî pêşmergeyan leser sîne nûsirawew le rastîda zorbeyan serbazî fermî part û layene siyasîyekanin.

# چاپكراوەكانم

1. چووارینەكانی یوسف سدیق زەنگەنە . بەشی یەكەم . 1970 .
2. چووارینەكانی یوسف سدیق زەنگەنە . بەشی دووهەم . 1973 .
3. بازاری شۆریجە . چیرۆك و رووداوو . 1973 .
4. دهۆك و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێڵ كوردستانەوە . 1973 .
5. پەپوولەی باڵ شكاوو . كۆتایی 1975 .
6. سكاڵای كوردیكی دڵسۆز . 1976 .
7. كۆترەكەم و شۆرشی كوردستان . 1976 .
8. وازم لێبێنن دڵداری ناكەم . 1976 . چیرۆكێكی كۆمەڵایەتییە .

9 . ڕەشەبای رقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت . چاپی یەکەم . 1985 .

10. **هەمان کتێب، چاپی دووهەم، بە دەستکارییەوە. 1986.**

11 . ئیملا . وەرگێڕاو لە فارسییەوە . 1987 .

12 . سوتۆ و تەتۆ . وەرگێڕاو . 1988 .

13 . نەسرین . 2000 .

14 . بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی: کە لە ساڵی 1974 دا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا .

15 . دەزگیرانەکەی باوکم: چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شانۆ .

16 – **کیژە کوردە بەرلینییەکە: هەڵبەستی ڕۆمانسی. 2011.**

17- بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی. 2011.

18. نەسرین: تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە. 2011.

لە گەڵ ئەوانەدا کە نێویان هێندرا بە دەیان کورتە چیرۆك و چیرۆکی شانۆگەری و شیعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەلایەتیم بە زمانەکانی کوردی ، عارەبی ، فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامە و وەرز نامەی جۆراوجۆردا بلاوکردووەتەوە ، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت ئەوا لە چەند بەشێکدا دووبارە بلاویان دەکەمەوە .

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینار و وانەی تەلەفیزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# چاپ نەکراوەکانم

1 . کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراوو: هەڵبەستی سیاسی.
2 . ووڵاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.
3 . مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەوو برۆگرامی بیری کوردایەتییە.
4 . هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
5 . خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
6 . هێرشی تەڵە قژو یاخییەکان: هەڵبەستی رۆمانسی.
7 . تەنەکەی زبڵی خودا : چیرۆک و بەسەرهات .
8 . هەزار کیلومەتر خوێن: بەسەرهاتی کوردانی ئەنفال کراوە .

9 . **لە رووانگەی پیشمەرگەیەكی سەر شێتەوە .**

10 . **یەكەمین راپەڕینی كورد بەر لە 4000 ساڵ: چۆن فرۆشرا .**

11 . **مەكری پیباوانی كورد : چیرۆكێكی كۆمەڵا یەتییە .**

12 . **مامۆستای گوندەكەمان: چیرۆكیكی شانۆگەری درێژەو لە ساڵی 1971 لە چەند دانەیەكدا بڵاوكرایەوەو برێك لە لاوانی هونەرمەندی كوردی دڵسۆزو چاوونەترسی شۆریجەیی لەسەر شانۆدا نوواندیان .**

13 . **زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەكانی ئایینەكەی .**

14 . **زەردەشت تاوانبارێكی بێتاوان: ئەو لۆمەو تانانەی نایاران بە زەردەشت و ئاینەكەیانەوە چەسپاندووە .**

15 . **بەڵێ زەردەشت كورد بوو .**

16 . کاریگەری ئاینی زەردەشت لە سەر جوولەکەو ئیسلام: هەروەها باسم لە کاریگەرییەکەی کردووە لە سەر و سوقرات و ئەفلاتۆن و بڕێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژاواییەکان .

17 . ئابووری سیاسی: سەرەتایەك بۆ لاوان .

18 . پیشەکییەك بۆ سیاسەت .

19 . مام احسان و مەلا موستەفا بارزانی: باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی ژنرال احسان نوری پاشا سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مەستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی 1961ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی 1973 لە ژوورەکەی مندا روویداو کورتەیەك لە گووتوبێژەکانیان . هەروەها بردنی مام احسان بۆ ماڵی بارزانی پاش 3 ساڵ و بۆ کاك مسعود بارزانی لە سەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ دروست کردم . کورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفیزیۆندا

باسکراوە و بەم زووانە بە شیوەی کتێب بڵاوی دەکەمەوە .

20 . لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە: باس لە ئەرینی نێوان خانەوادە دەکات .

21 . پشکنەر کۆلۆمبۆ لە کوردستان: چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە بارەی چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەوکەسەی کە پیلانی لە گۆڕ دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی کێشا ، لە لایەن پشکنەر کۆلۆمبۆوە کە لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەو مەبەستە .

22 . نامیلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وردەگێردرین بۆ زمانی کوردی و عارەبیش .

23 . بیرەوەریەکانم لە چەند بەشێکدا ، لەوانە:

- بۆنی شیرو سیاسەت: ژیانم بەر لە ساڵی 1968 .
- 1968: دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی 1964 چی بوو ؟ چۆن بوو ؟ دەستپێك و ئاکام . بۆ و چۆن مام جلال تالەبانی کە ئەو سەردەمە پێشمەرگەی عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری عیراق بوو ، بڕیاری کوشتنمی دەرهێنا و لە شەوی نەورۆزی ساڵی 1968 گوللەباران کرام و کۆششی جەلالییەکان بۆ دەرمانخوارد کردنم لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووك .
- پاراستنەکەی شۆرشی ئەیلولی 1961 یا رووخێنەرەکەی ؟: بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد .
- دوای کوشتنم: ژیانم دوای 1968 و تا 1975 .
- هەرەسەکەی 1975: ژیانم لە تاوارگەی ئێران و ئەوروپا . من دامەزرێنەری یەکەمین

**کۆمەڵەی سیاسی بووم پاش هەرەسەکە ، بە بەڵگەو دوکومێنتەوە . کەی و چۆن هەرەس هێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا . من یەکەم کەس بووم لە ئەوروپا بیری گۆڕانم هێنایە بوون و شەمی دەست پێکردنیم لە تەلەفزیۆنی میدیاداو لە بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری 10.11.2000 دا هەڵگیرساند .**

- **شۆڕشێك کە ئاواتەکانی لە بار چوون: باسی ئەو گرفتانەیە کە کاك مسعود بارزانی و (قیادە الموءقتە ) کەی بۆیان دروست کردم و ئەو پیلانانەیە کە دژ بە من و بۆ لە نێوبردنم کێشرا ، هۆیەکانی و ئاکامەکانی .**

24 . **هۆرەکانی شەکسپیر: ئینگلیزی و کوردییە .ئایا شەکسپیر ئەوەیە کە باسی لێدەکەن ؟**

25 . **شارەکەم کەرکووك: لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا . کورتەیەکی لە رۆژنامەکاندا بلاوکراوەتەوە .**

26 . **لە پێناوی مێردەکەیدا: بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا . بەشی یەکەم لە پێناوی مێردەکەیداو بەشی دووهەم، لە پێناوی کۆرپەکەیدا .**

27 . **تهافت التهافتين: امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی احمد ابو حامدی الغزالی، لەساڵی 1059ی زایینی لە توسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتە جیهانەوەو لە سالی1114 کۆچی کرد ولە نێوان ساڵانی 1091 تا 1095 کتابی (تهافت الفلاسفه۔ رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان) ی نووسی و زۆر لە بیروباوڕی فەیلەسوفەکانی یونان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کردو رامالْکاند .**

**دوای تێپەڕبوونی67 ساڵ بەسەر لە دایکبوونی الغزالی لە قورتووبەی وڵاتی ئەندەلوس یانی لەساڵی 1126 ی زایینی ابی الولید محمد کوڕی احمد کوڕی محمد ابن رشد القرتبی هاتە**

جیهانەوەو لە ساڵی 1198 دا لە مراكش كوچی كرد . ئەم فەیلەسووفە كتێبێكی نووسی بە نێوی (تهافت التهافتـ رۆخانی روخێنەرەكە ) كە مەبەستی روخانی كتێبەكەی الغزالیە و ئەویش بۆچوونەكانی الغزالی بووچەل كرد . بە یاری پەروەردگار من لە دوا بەشەكانی تەواو كردنی كتێبێكدام كە 28 ساڵی رەبەقە كاری لەسەر دەكەم بە نێوی (تهافت التهافتینـ رووخانی هەردوو رووخێنەرەكە ) و ئەگەر پەروەردگار یار بێت لە گۆرەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا پشتی ئەو دوو كەڵە سوارە دەكوتم بە زەمینداو كراسێكی لە شاڵو بیری پاكی كوردی دروستكراو بۆ فەلسەفە دەدوورم و لە بەری دەكەم و جلە كۆنەكانیشی دەخەمە گۆڕیكی چەندین گەز قوولەوەو نایەڵم نێویشی لە نێواندا بمێنێت . چاوەڕوانی بن و لە پەروەردگاریش داوای سەركەوتنم بۆ بخوازن .

**28 . خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت:**
**بۆچوون و بیروڕاکانمە لە مەر فەلسەفەو گیروگرفتەکانی . ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی 1992 دا بڵاوببێتەوە، بەڵام وەك لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاو کرایەوە تەنیا وێنەی بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شیعری بڵاونەکراوەیان لە ماڵەکەمدا لێ دزیم بە کومپیۆتەر و دەست نووسینەکانیشەوەو تا ئێستاش دز هەر نەدۆزرایەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بەوکارەو لەو کاتەشەوە بە شەوو بە ڕۆژ بە کوون و قوژبنەکانی مێشکمدا دەگەڕێم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی و لە خودا بە زیاد وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرز دەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری ڕاست و پاك و ڕەسەن بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەبۆشم . چاوەڕوانی ئەمەشیان بن**

و بزانن بۆ: لە دایك بووین؟ مەبەست لەم هات و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو چەندە و بەرەو کوێ دەچێت؟ خودا ئێمەی دروست کردووە یا ئەو دروستکراوەی بیری ئێمەیە؟ ئایینەکان زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە دروست بوونیان چییە؟ ئایا پیغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژێری بیری خۆیان هێناوییانیەتە بوون؟ فەیلەسوفەکانی جیهانی رۆژ ئاوا، ئەگەر لە سەر زەمینی پیغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی نێوە راست بهاتابایەنە جیهانەوە هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا پیغەمبەر و بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا ئادەمیزادی دروستکردووە یا لە تۆزو خۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتووەتە بوون وەك ئاینشتاین و هاوبیرانی بۆی دەچن؟ تیژڕەوی مادە (السرعە)، هێز زۆرتر دەکات یا کێش، وەك ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە؟ ئەو کونە رەشانەی کە جارو بار

**بەر چاووی تەلەسکۆبە زەبەلەحەکان دەکەون چین ؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەك زانایان بۆی دەچن یا . . . ؟ !**

**خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەر چاووتان و دەگەنە وڵامی زۆر لەو پرسییارانەی کە ماخۆلانی خستووەتە مێشکتانەوە .**

# من کێم

**لە ژیانمدا ، بە سەرهات، رووداو ، هەڵویست ، خەم ، ئازار ، بڕوانانە ، گەلێك زۆرن کە شانازییان پێوە بکەم بەڵام، شانازییەك کە ئەو شانازییانە شانازی پێوە دەکەن ئەوەیە کە ، لە داییك بووی گەڕەکی شۆریجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .**

**قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە .**

**خوێندنەوە و نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە، هەروەها هەوڵدان و خوێندن لە پێناوی بە دەست**

هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تاییەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ریگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دیت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

- وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم

لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆک لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا حسیب و مامۆستا عمر شریفم، کە ئەو دوو کورد پەروەرەوە بوون ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمڕۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ، کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی

شۆڕشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی _ <u>*گەشت بۆ نومرە هەشت*</u> _ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکدا بخوێنرێتەوە_ یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی

دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کوولاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم.[یێر] لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێک دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 8ی نزیک بە دوبزی شاری کەرکووک بۆ سەیران و دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جیاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی

---

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دڵداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی 1979 کاک مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 1961یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی . باشبوو گەورە پیاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەو کاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم وورده وورده بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی ساڵی 1968 کە لە لایەن ئەو باڵەی شۆرشەوە کە خۆیان فرێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان ببوە پێشمەرگە عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو

**بە بریندارییەکی قورس وترسناك كۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و بەرزترین پاداش و پلەیەکە کە بە دەستم هێناوەو پێیگەیشتووم. کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کوژی و بردن و تالان ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گییانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا ، تینوویەتیانی نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو تەقەللایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت**

رووی رەشیانی رەشتر كردو چاوویانی لە بەرامبەر كورددا شۆڕتر.

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاكە هەنگاوێكیش بەرەو پاشەوەی نەكشاندم، بەڵكو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە رێڕەوی ئەو رێگایە بم كە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێكۆشانی بێووچان دژ بە كوردفروشان و ئەوانەی كە بە خوێنی كوردەوە بازرگانی دەكەن، ئیتر ئەم باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەكەمان بێت یا ئەو باڵێ.

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشكەنجەو زیندانی زۆر بووم، بەڵام، بە شانازییەوە دەڵێم كە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆكم بنووشتێننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە كورد فرۆشەكاندا هەمیشە من

سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن. بۆیا وەك دەبینری و ئاشکرایە رابەرانی داگیرکەری ئەمڕۆی کوردستان، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپاندا بمیننەوەو بێگومانم کە ئەم بارودۆخەش کوورت خایەنەو لە داهاتویەکی زۆر نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندی لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری و وولات بە وولات و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕین کە خۆیان تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە، رزگاریان ببێت، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی

شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالكراوان و بە گازی كیمیاوی خنكێنراوان، ئەو هەوڵانەیان پووچەڵ دەكەن و ریگای هەڵهاتنیان لیدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا رایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای رەوای خۆیان.

# ناوەڕۆک

پێشەکی........................................ ٣ و 100
گرانترین کورسی جیهان...................٤ و101
بتخانە...................................................٧ و104
صدامستان.........................................٩ و106
پەپوولە گڕ تێبەربووەکانی عامو...........١٣و110
پاسپۆرت..........................................١٦ و113
پرسییارێکی جەژنانە........................... ١٨ و115
پەیامێک.........................................٢٠ و117
دیموکراسی لە کوردستان................ ٢٢ و119
روحی شەهیدان.................................٢٣ و120
ووشەی ئەنفال..................................٢٤ و121
پەیامی گەردەلوول....................... ٢٩و125
زایەڵەی مێژوو............................ ٣٥و132
سەرۆکی شار......................................٣٨ و135
دڵدارەکەم...........................................٤٠ و137
منیش عاشقم.............................. ٤٣ و140
شێرە ژنان.........................................٤٥ و142
پێشکەشی رابەر بۆ نووسەرا..............٤٨ و145
پەپوولە گڕ تێبەربووانی شین ئاوا.... ......٤٩و146
شێرانی مانگرتوو.................................٥٣ و150
دایکانی بەرد وەشێن.......................٥٥ و152
پەیامی ژنانی کورد.........................٥٦ و153
بانگی سەربەخۆیی کوردستان.............٦١ و158
کاتێک کە گوڵەکان دەوەرێن.................٦٣ و160

رابەرانمان.............................٦٧ و 164
جەژنانە.....................................٦٩ و166
پەپوولەو مەگەز.............................٧١ و168
بنوە کۆرپەکەم...............................٧٢ و169
گوڵ و تفەنگ...............................٧٣ و170
خاڵی شەرم.................................٧٤ و171
گوڵستان.....................................٧٦ و173
کاتێک کە ویژدان دەمرێت.....................٧٧ و174
مەلەوانی لە دەریای خەونە خۆشەکاندا.....٧٩ و 176
کوردستان سەرزەمێنێکی جادوو لێکراو....٨٣ و 180
خۆکوژی.....................................٩٤ و191
کوردستان و کۆشک و تەلار.................٩٥ و192
جوانترین گوڵزار..............................٩٧ و194
پێشمەرگە.....................................٩٨ و195
چاپکراوەکانم.................................١٩٧
چاپنەکراوەکانم...............................٢٠١
من کێم.......................................٢١٢
ناوەڕۆک.......................................٢٢٢